www.regayrasty.com

سورة البقرة – سورة 2 – عدد آياتها 286

بسم الله الرحمن الرحيم

1. الم : چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان (14) پیتە ، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین ، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدا نیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێ وێنە دابنێت ، بەرادەیەک هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆببنەوە بۆ ئەو مەبەستە بێگومان ناتوانن ، هەروەها چەندەها نهێنی تریشی تێدایە ، زاناکان لە هەندێکی دواون ، هەندێکیشیان وتوویانە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە.

2. ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ : ئەو قورئانە کتێبێکە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، (کە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ڕەوانە کراوە بە جبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر) کە مایەی ڕێنموویی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ خواناسان و پارێزکاران (کە ئەوانەن فەرزەکان جێبەجێ دەکەن و لە حەرام خۆیان دەپارێزن ، لە ڕووی بیروباوەڕو کردارو گوفتەوە) .

3. الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ : ئەوانەی باوەڕ بە نەبینراوەکان دەهێنن (وەک خواو فریشتە و ئەوانەی خوا باسی کردوون و ئێمە نایانبینین) ، هەروەها نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزییە (حەڵاڵەی) پێمان بەخشیوون ، دەبەخشن .

4. والَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ : (لە هەمان کاتدا) ئەوانە باوەڕ دەهێنن بەو (پەیامەی) کە بۆ تۆ (ئەی محمد) دابەزێنراوە و بەو پەیامانەش کە بۆ (پێغەمبەران) ی پێش تۆ دابەزێنراوە ، دڵنیاش دەبن کە ڕۆژی دوایی پێش دێت و قیامەت هەر بەرپا دەبێت .

5. أُوْلَـئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ : ئا ئەوانە لەسەر شا ڕێگەی هیدایەتی پەروەردگاریانن و هەر ئەوانیشن سەرفراز و سەرکەوتوو (

ئەمانە بنەما سەرەکیەکانی ئیمان و ئیسلامن) .

6. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ: بەراستی ئەوانەی
کە بێ باوەڕ بوون ئاگاداریان بکەیت یان ئاگاداریان نەکەیت یەکسانە بۆیان ، باوەڕ
و ئیمان ناهێنن

7. خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ :(
چونکە) خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیاندا و پەردەی بەسەر چاویاندا هێناوە ، (
نە بیردەکەنەوە ، نەئامادەن حەق ببیستن و راستیەکان نابینن) ، هەر بۆیە
سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە (ئەمانەش دەستەیەکن لە بێ باوەڕان کە هەر خوا
خۆی دەیانناسێت) .

8. وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ: لەناو خەڵکیدا
کەسانێک هەن کە دەڵێن : ئیمان و باوەڕمان بە خواو بە ڕۆژی قیامەت
هێناوە (لە ڕاستیدا ئەوانە درۆ دەکەن) ئەوانە هەمیشە باوەڕدار نین .

9. يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ : ئەوانە (
بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن) خوا و ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە باوەڕداری
ڕاستەقینەن!! کەچی جگە لە خۆیان کەسیان پێ ناخەڵەتێت ، بەڵام هەست ناکەن و
فام ناکەنەوە و بیرناکەنەوە

10. فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ :
ئەوانە لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی و حەسوودی و کینە هەیە ،
خوایش (بەسەرخستنی حەق و ئیمانداران) ئەوەندەی تر دەردیان گران و کاریگەر
دەکات و سزایەکی سەختیش (لە دنیا و قیامەتدا) چاوەڕێیانە بەهۆی درۆکردن و (
دژایەتییان بۆ ئیسلام) .

11. وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ : ئەوانە
کاتێک پێیان دەوترێت تۆوی گوناهو تاوان و خراپەکاری مەچێنن لە زەویدا ، دەڵێن
؛ بەڕاستی ئێمە تەنها چاکسازی دەکەین !!

12. أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَـــكِن لاَّ يَشْعُرُونَ : ئاگادار بن ، کە بەڕاستی هەر

ئەونە تۆوی خراپە دەچێنن ، بەڵام (بەهۆی لووت بەرزی و دەردەدارییانەوە) هەستی پێ ناکەن و (خۆیانی لێ گێل دەکەن) .

13. وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاء وَلَـكِن لاَّ يَعْلَمُونَ : کاتێک پێیان دەوترێت ئیمان و باوەڕ بهێنن وەکو ئەو هەموو خەڵکە (بێ فێڵ و راستگۆیانە) کە باوەڕیان هێناوە ، دەڵێن : چۆن ئێمە وەکو ئەو خەڵکە کەم عەقڵ و گێلانە باوەڕ دەهێنین ، (خەڵکینە) چاک بزانن و ئاگاداربن کە هەر ئەوانە خۆیان کەم عەقڵ و گێل و نەفامن ، بەڵام بەخۆیان نازانن .

14. وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكْمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ : کاتێکیش (دووڕووەکان) دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن : ئێمە ئیمانداریین و باوەڕمان هێناوە !!! ، کەچی کاتێک بە تەنها دەمێننەوە لە لای شەیتانە گەورە و فێڵبازەکانیان دەڵێن : بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئێوەین ، بێگومان ئێمە تەنها گاڵتەیان پێدەکەین و پێیان رادەبوێرین !!

15. اللّهُ يَسْتَهْزِىءُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ : (بەڵام خەیاڵیان خاوە چونکە) خوا سزای گاڵتەجارییەکەیان لێدەسێنێت و (دەیانکاتە پەندو گاڵتەجار) ، ئەوە جارێ بەرەڵای کردوون تا کوێرانە مل بنێن و درێژە بەگومڕایی خۆیان بدەن .

16. أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ : ئەوانە گومڕاییان کڕی بەرێنمووبی و هیدایەت ، بازرگانیەکەیان قازانجی نەکرد ، سەرمایەکەشیان کە هیدایەتە لە دەستیانداو مایەپووچ بوون و وەرگری رێبازی هیدایەت نەبوون...

17. مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ : نموونە و وێنەی ئەوانە وەک کەسێک وایە: ئاگرێک دابگرسێنێت (بۆ سوودی خۆی و هاورێکانی) کەچی کاتێک هەڵگیرساو دەوروبەری خۆی رووناک کردەوە ، خوا رووناکیەکەیان لێ بکوژێنێتەوە و لە چەندەها تاریکیدا جێیان بهێڵێت و هیچ تروسکاییەک نابینن و رێ دەرناکەن.

18. صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ : ئەوانە کەڕو لاڵ و کوێرن (لە ئاستی حەق

و ڕاستیداو) ، ناشگەڕێنەوە (بۆ سەر هیدایەت) .

19. أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ : یاخود وێنەیان وەک کەسانێک وایە بە دەست بارانێکی لێزمەوە گیریان خواردبێت ، کە پەڵە هەورە تریشقە و بروسکەی هەبێت ، لە تاو دەنگی بروسکەکە پەنجەیان دەئاخنن بە گوێچکەیاندا لە ترسی مردن ، خواش گەمارۆی کافرانی داوە (بارانەکە قورئانە و بروسکەکان ، ترساندنی دووڕووەکانە کە حەز بەبیستنی ناکەن) .

20. يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاء لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّه عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : خەریکە تیشکی بروسکەکە بینایی چاویان بەرێت ، هەر کاتێک بەر پێیان ڕۆشن دەکاتەوە ، دەڕۆن ، هەر کە تیشکەکە نەماو تاریک بوو لێیان ، (دەسڵەمێنەوە و) هەڵوێستە دەکەن ، خۆ ئەگەر خوا بیویستایە بیستن و بینینیانی لەناو دەبرد ، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

21. يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ : ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن ، ئەو زاتەی کە ئێوە و پێشینانی ئێوەشی بەدی هێناوە ، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر .

22. الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ : هەر ئەوزاتە زەوی کردووە بە فەرش و جێگای نیشتەجێ بوون و ژیان بۆتان ، ئاسمانی وەکو سەقفێک بەسەرتانەوە ڕاگیر کردووە ، لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ باراندوون ، جا بەهۆیەوە جۆرەها بەرهەمی (درەخت و گژوگیای) بەدەرهێناوە تا ببێتە رزق و ڕۆزی بۆتان ، کەواتە شەریک و هاوتا بۆ خوا بڕیار مەدەن ، کە خۆشتان دەزانن پەرستراو دەبێت بەدیهێنەر بێت .

23. وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ : جا ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان

لەم (قورئانە پیرۆزە) هەیە کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد ( ) ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سوورەتێکی وەک ئەو بهێنن ، هاوپەیمان و هاوکارەکارەکانیشتان جگە لە خوا (بۆ ئەو مەبەستە) بانگ بکەن ئەگەر ئێوە راست دەکەن.

24.فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ : خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن (کەواتە باوەڕبهێنن و) خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی : سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە ، کە بۆ بێ باوەڕ و خوانەناسان ئامادە کراوە .

25.وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقاً قَالُواْ هَـــذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ وَأُتُواْ بِهِ مُتَشَابِهاً وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ: (ئەی پێغەمبەر) مژدە بدە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەوەی باخەکانی بەهەشت کە چەندەها روبار بەژێر درەخت و بەناو باخەکانیدا دەڕوات ، بەڕاستی بۆیان ئامادەیە ، هەر کاتێک لە میوەو بەرهەمێکی ئەو باخانەیان بۆ دەهێنن ، دەڵێن : ئێستا لەوەتان هێنا ، تاوێک لەمەو پێش خواردمان ، هەر دەیهێنن و لە یەکتریش دەچن ، (لە ڕەنگ و ڕواڵەتدا ، بەڵام لە تام و بۆندا زۆر جیاوازن) ، هەروەها لەوێدا هاوسەرانی پاک و بێ گەردیان بۆ ئامادەکراوە (ئەو بەختەوەرانە) ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە لەو بەهەشتەدا دەبەنە سەر .

26. إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلاً مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَـــذَا مَثَلاً يُضِلُّ بِهِ كَثِيراً وَيَهْدِي بِهِ كَثِيراً وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ : بەڕاستی خوا باکی نیەو نەنگ نیە بەلایەوە هەر نموونەیەک بهێنێتەوە بە مێشوولەیەک ، لەویش بچووکتر بێت یان گەورەتر ، جا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە ، ئەوە چاک دەزانن ئەم نموونەیە راستە و لە لایەن پەروەردگاریانەوەیە ، ئەوانەش کافرو بێ باوەڕن دەڵێن : خوا مەبەستی چی بوو لەم نموونەیەدا؟ (خوای گەورەش دەفەرموێت) زۆرێکی پێ گومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت و ڕێنموویی دەکات ، بەڵام دیارە جگە لە لارو وێرو یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات ...

27. الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُولَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ : ئەوانەی پەیامی خوا (کە لە رووی فیترەت و سروشت و پەیامەکانی خواوە) هەیانە ، (کە دەبێت خواناس بن) هەڵدەوەشێننەوە و پەیڕەوی ناکەن لە دوای بەهێزو پتەو بوونی ، ئەو پەیوەندییانەش دەپسێنن کە خوا فەرمانی گەیاندنی داوە ، لە زەویشدا تاوان و خراپە دەچێنن ، تا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەتمەندن .

28. كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتاً فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ : (خەڵکینە) ، چۆن بێ بڕوا دەبن بە خوا لەکاتێکدا ئێوە بێ گیان بوون (لەتوێی خاکدا) خوا (دروستی کردوون) و گیانی بەبەردا کردن ، پاشان دەتانمرێنێت و دوایی زیندووتان دەکاتەوە ، ئەوسا هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە .

29. هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ : هەر ئەوزاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە ، پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات ، بۆیە بە حەوت چین بەدی هێناو ڕێکی خستن ، هەر خۆیشی بە هەموو شتێک زاناو ئاگادارە .

30. وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ : (ئەی پێغەمبەر باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت : بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری) ، فریشتەکان وتیان : ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشینیی کە خراپە و تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژی تیادا ئەنجام بدات؟! لە کاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاک دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین ، (لە وەڵامیاندا) خوا فەرمووی : بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

31. وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَـؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : (ئینجا ئادەمی دروست کرد ، ویستی توانایی و لێهاتوویی بۆ فریشتەکان روون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەووبەر هەیە فێری کرد ، لەوەودوا بە فریشتەکانی رانواند و پێی فەرموون : ئادەی

ئێوه ناوی ئەو شتانەم پێ بلێن ئەگەر راست دەکەن و (توانای ئاوەدان
کردنەوەی زەویتان هەیه؟) .

32.قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ : فریشتەکان
وتیان : پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیه ، ئێمه هیچ زانستێکمان
نیه ، تەنها ئەوه دەزانین که تۆ فێرت کردووین ، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی
زاناو دانایت .

33.قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ
غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ : ئەوسا خوا
فەرمووی ئەی ئادەم ، ئادەی تۆ ئاگاداریان بکه به ناوەکانیان ، جا کاتێک
ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان.. خوا فەرمووی : ئەی پێم نەوتن بەڕاستی من
خۆم ئاگادارم بەنهێنی ئاسمانەکان و زەوی ، دەشزانم ئێوه چی دەردەخەن و
چی دەشارنەوە ؟!

34. وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ
الْكَافِرِينَ : کاتێکیش به فریشتەکانمان وت : سوژده بەرن بۆ ئادەم (سوژدەی رێزو
بەفەرمانی خوا ، وەکو رووگەیەک) سوژدەیان برد جگه ئیبلیس نەبێت که سەرپێچی
کردو خۆی به گەورەزانی و خۆی خسته ریزی کافرەکانەوە

35. وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ
تَقْرَبَا هَـــذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ ئینجا وتمان : ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت
لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەرو نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و
بخۆنەوە بەتێرو تەسەلی ، بەلام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاری کراو
بۆ تاقی کردنەوە لێیان قەدەغه کرا) ئەگینا دەچنه ریزی ستەمکارانەوە . :

36.فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ
عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ : شەیتان (فرسەتی لێهێنان) و
له خشتەی بردن (وای لێکردن له بەرو بوممی درەختە قەدەغه کراوەکه بخۆن)
و لەو شوێنه (خۆش و پرله نازو نیعمەته) بەدەرکرنی دان ، ئەوسا پێمان وتن
: (مادەم سەرپێچیتان کرد ئیتر لێره جێتان نابێتەوە) ، دەبێت دابەزنه
خوارەوە بۆ سەر زەوی ، جا (لەوێ) هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن (شەیتان
دوژمنی ئێوەیه و بەردەوام هەوڵ دەدات دوژمنایەتی له نێوانتاندا بەرپا بکات)

، تاماوەیەکی دیاری کراو نیشتەجێ دەبن لە زەویداو لە نازو نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن .
37.فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ : پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگارییەوە چەند وشەو نزایەکی وەرگرت (بە دڵ و بە کوڵ پاڕایەوە خوای میهرەبانیش) نزاکەی وەرگرت و لێی خۆش بوو ، چونکە بەڕاستی تەنها ئەو ، زاتێکی ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە . (نزاکەش لە ئایەتی 23 ی سورەتی ئەعراف دا هاتووە) .
38.قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ : ئنجا وتمان : هەمووتان دەبێ دابەزن (بۆ سەر زەوی) جا ئەگەر هەرکاتێک لە لایەن منەوە ڕێنومایيتان بۆهات، هەرکەس شوێن ڕێنوومایی من بکەوێت ، ئەوە نە ترس و بیمیان لەسەر دەبێت ، نە غەمگین و دڵتەنگ دەبن .
39.وَالَّذِينَ كَفَرواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُولَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : ئەوانەش بێ باوەڕ بوون و باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نەبوو ، ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن و بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە .
40.يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُواْ بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ : ئەی نەوەی ئیسرائیل (نەوەی حەزرەتی یەعقوب) یادی نازو نیعمەتی من بکەنەوە کە بەسەرتاندا ڕژاندومەو بەوەفاو بەئەمەک بن و پەیمانەکەم جێبەجێ بکەن (کە ئیمان و کردەوەی چاک و باوەڕکردنە بە هەموو پێغەمبەران بەبێ جیاوازی) ئەوسا منیش پەیمانی خۆم بەجێ دەهێنم (کە جێنشین کردنتانە لە دنیاداو ، بەهەشتی بەرینە لە قیامەتدا) باترس و بیمتان تەنها لە من هەبێت (تا ئاسوودەیی ڕەهاتان پێ ببەخشم) ...
41.وَآمِنُواْ بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقاً لِّمَا مَعَكُمْ وَلاَ تَكُونُواْ أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَناً قَلِيلاً وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ : هەروەها ئیمان بهێنن بەو قورئانەی کە ناردومەتە خوارەوە کە پاڵپشتی پەیامەکەی لای ئێوەیە (تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو)مەبنە یەکەم بێ بڕوا پێی (لە جیاتی یەکەم باوەڕدار) و ئایەتەکانم بەنرخێکی کەم مەگۆڕنەوە (لەپێناوی بەدەستهێنانی هەندێ مەرامی کەم نرخی دنیادا) ، تەنها لە من بترسن و خۆتان لە خەشمی من بپارێزن .

42. وَلاَ تَلْبِسُواْ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُواْ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ : نەكەن ڕاستی و بەتاڵ ، حەق و ناحەق بە یەكەوە بئاڵێنن و حەق مەشارنەوە ، درۆ دامەپۆشن بەڕاست ، لەكاتێكدا خۆشتان حەق و ڕاستی دەزانن كامەیە .

43. وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ : نوێژەكانتان بەچاكی ئەنجام بدەن بەدروشمەكانیەوەو زەكاتیش بدەن، لەگەڵ كڕنووش بەراندا كڕنووش ببەن (بۆ پەروەردگارتان) .

44. أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ : (كەی ئەوە ڕاستە) فەرمانی چاكە بەخەڵكی بدەن و خۆتان فەرامۆش بكەن ؟! لەكاتێكدا خۆ ئێوە كتێبی خوا ـ تەورات ـ دەخوێننەوە ، (دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە) جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە ؟!

45. وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ : (ئێوە هەوڵ بدەن) پشت ببەستن بە ئارامگرتن و نوێژكردن (بۆ گەیشتن بەئامانج) بەڕاستی نوێژ ئەركێكی گەورەو گرانە ، مەگەر لەسەر ئەو كەسانەی كە بەخۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن و (باوەڕی دامەزراویان هەیە)...

46. الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ : ئەوانەی دەزانن بێگومان بەدیداری پەروەردگاریان شاد دەبن و باوەڕی پتەویان هەیە كە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە .

47. يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ : ئەی نەوەی ئیسرائیل : یادی نازو نیعمەتەكانم بكەنەوە كە ڕشتومە بەسەرتاندا بێگومان من گرنگی زۆرم پێداون و نازونیعمەتی زۆرم پێبەخشیوون (لە خواردن و خواردنەوە لە موعجیزەی جۆراوجۆر ، لە چارەسەركردنی كێشەكانیان ، ... هتد) من زیادە ڕێزی ئێوەم داوە بەسەر هەموو خەڵكیدا (ئەڵبەتە لەسەردەمی خۆیانداو ئەوانەی كە پابەندی ئاینی خوا بوون ، بە تایبەتی پێغەمبەران و پیاوچاكان) ...

48. وَاتَّقُواْ يَوْماً لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئاً وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ : خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێك كە كەس فریای كەس

ناکەوێت و کەس هیچی لە دەست نایەت و تکاکاریی کەسیش وەرناگیرێت و بارمتە و گۆڕانکاری تیادا ئەنجام نادرێت و ئەو کەسانەی خوانەناسن یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن.

49. وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوَءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءكُمْ
وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ : بیری نیعمەتی
رزگاربونیشتان بەکەنەوە کاتێک رزگارمان کردن لە دەست دارو دەستەی فیرعەون کە خراپترین سزاو ئازاریان دەدان، کوڕەکانتانیان سەردەبڕین و ئافرەتەکانتانیان دەهێشتەوە (بۆ کارەکەری و خزمەت) ئەوەش بۆ ئێوە توشهات و تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە (تا پشت بەو زاتە ببەستن و بڕوای تەواوتان پێی هەبێت) .

50. وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ : یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کە لەبەر خاتری ئێوە دەریاکەمان لەت کرد ، ئینجا رزگارمان کردن ، دارو دەستەی فیرعەونمان نغرۆ کرد ، لەکاتێکدا ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان و تەماشاتان دەکردن .

51. وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ :
یادی ئەو (نیعمەتە) بکەنەوە کاتێک چل شەو وادەمان دانە بۆ موسا (بۆ پاڕانەوەو نزا) پاشان گوێرەکەکەتان کردە خواتان ، بێگومان ئێوە ستەمکار بوون .

52. ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُمِ مِّن بَعْدِ ذَلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ : پاشان (لەو هەموو هەڵاَنەتان) خۆشبووین بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریی بکەن .

53. وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ : یادی ئەو بیعمەتە
بکەنەوە کاتێک کتێبی (تەورات) و جیاکەرەوەی (ڕەواو ، نارەوامان) بەخشی بە موسا بۆ ئەوەی ڕێبازی هیدایەت بگرنەبەر (لە گومڕایی رزگارتان ببێت) .

54. وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُواْ إِلَى
بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ
التَّوَّابُ الرَّحِيمُ : یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێک موسا بە قەوم و هۆزی خۆی وت : ئەی قەوم و هۆزەکەم بەڕاستی ئێوە بەو گوێرەکە پەرستی یە ستەمتان لە خۆتان کردووە ، دەی بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەرتان و تەوبە

بکەن و ئینجا خۆتان بکوژن (بێ تاوان تاوانبار بکوژێت) ، ئەوە باشترە بۆتان (چونکە تاوانەکەتان زۆر گەورەیە) پاشان ئەویش (واتە خوا دوای لەناو بردنی هەندێک لە تاوانباران) تۆبەی وەرگرت (لەوانەی مابوون) ، لە راستیدا تەنها ئەو زاتە هێجگار تەوبە وەرگرو بە ڕەحم و دلۆڤانە .

55. وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ : یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کە وتتان : ئەی موسا هەرگیز باوەڕت پێناهێنین تا وەکو بە ئاشکراو بە چاوی خۆمان خوا نەبینین ، ئیتر یەکسەر هەورە بروسکەکە لێی دان ، لە کاتێکدا کە تەماشاتان دەکردو بە دەورو بەری خۆتاندا دەتانڕوانی (بەسەرسامیەوە بیرتان دەکردەوە) .

56. ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ : پاشان زیندوومان کردنەوەو ژیانمان پێبەخشینەوە لە دوای ئەو مەرگەتان بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن .

57. وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ : (هەروەها) لە نازو نیعمەتەکانی خوا بۆتان ئەوەیە : ئێمە هەورمان بۆ کردن بەسێبەرو گەزۆمان بۆ باراندن و پەلەوەری شەلاقەمان بۆ ناردن ، دە بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە چاکانەی کە پێمان بەخشیوون (بەڵام لەبەر بێ دینی و ستەمیان تۆڵەمان لێسەندن) ، جا وەنەبێت ئەوانە ستەمیان لە ئێمە کرد بێت بەڵکو هەر ستەمیان لە خۆیان دەکرد .

58. وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُواْ هَـذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَداً وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّداً وَقُولُواْ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێک وتمان : بچنە ئەم شارەوە (کە قودسە) ، جا هەرچی حەزی لێدەکەن لەوێ لە هەر جێگەیەکی بەفراوانی و خۆشی بیخۆن ، لە دەروازەی شارەکە بەرێزو کڕنووشی (پێزانینەوە) بچنە ژورەوە و بڵێن : خوایە لە تاوانەکانمان ببوورە ، ئەو کاتە ئێمەش لە هەڵە و تاوانەکانتان دەبوورین ، ئێمە پاداشتی چاکەکاران لە ئایندەدا زۆر بە زیادەوە دەدەینەوە .:

59. فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزاً مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ : کەچی ئەوانەی ستەمیان کردبوو یەکسەر گوفتارەکەیان گۆڕی بەشتێک بێجگە لەوەی پێیان وترا بوو (واتە بە لووت

بەرزیەوە چوونە ژوورەوە) ، جا ئێمەش لە ئاسمانەوە سزایەکمان دابەزاندە سەر ئەوانەی ستەمیان کرد بەهۆی ئەوەی لە فەرمانی خوا دەردەچوون .

60.وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا
عَشْرَةَ عَيْناً قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُواْ وَاشْرَبُواْ مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْاْ
فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ: يادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێک موسا بۆ قەوم و گەلەکەی خۆی داوای بارینی بارانی کرد ، ئێمەش پێمان وت : بە گۆچانەکەت بدە بە (تاشە) بەردەکەدا (جا هەر کە ئەو کارەی ئەنجامدا) بەردەکە دوانزە کانی لێ هەڵقولا ، بێگومان هەر هۆزێک چاوگەی خۆی ناسی (ئینجا پێمان وتن) دە بخۆن و بخۆنەوە لە ڕزق و ڕۆزی و بەخششی خواو تاوان و خراپە مەکەن لەسەر زەویدا لە کاتێکدا کە بەچاندنی تۆوی خراپەوە خەریکن .

61.وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نَّصْبِرَ عَلَىَ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا
تُنبِتُ الأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي
هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُواْ مِصْراً فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ
وَالْمَسْكَنَةُ وَبَآؤُوْاْ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ
وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ : یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێک بە موساتان وت : ئێمە هەرگیز لەسەر یەک جۆر خۆراک ئۆقرە ناگرین و بەتەنها جۆرێک خواردەمەنی ڕازی نین ، لەبەرئەوە داوا لە پەروەردگارت بکە لە ڕزق و ڕۆزی و بەرو بوومی زەویمان بۆ بەرهەم بهێنێت لە روەکی پاقلەیی و خەیار و سیرو نیسک و پیاز ، موسا پێی وتن : باشە چۆن ئێوە شتی کەم و ئایەخ و ناتەواو وەردەگرن لەجیاتی شتی لەو چاکترو باشتر؟ دە دابەزن بۆ شارێک (بیابانی سینا ، بەجێبهێڵن) ئینجا بەراستی ئەوەی داوای دەکەن دەستتان دەکەوێت . (جا بەهۆی ئەو بیروباوەڕو بیانوو گرتن و لاسارییەیانەوە) سوکیی و ریسوایی و لاتی و زەبوونی درا بەسەریاندا و شایانی خەشم و قینی خوایش بوون ، چونکە ئەوان بەراستی باوەڕیان نەدەکرد بەئایەتەکانی خواو ، پێغەمبەرەکانیان بەناحەق دەکوشت ، ئەوەش بەهۆی ڕۆچوونیانەوە لەیاخی بوون و نافەرمانیدا ، هەمیشە دەستدرێژیان دەکرد (ئێستەش بەردەوامن لەسەر بەرنامەی باوو باپیرانی خوانەناسیان) .

62.إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ
وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ :

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد) ، ئەوانەش بوونەتە جوولەکە (شوێنکەوتەی راستەقینەی موسان) ، گاورەکانیش (کە شوێنکەوتەی راستەقینەی عیسان) ، (صابئە) ش (کە شوێنکەوتەی راستەقیەی داودن) ، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بەخوا و ڕۆژی دوایی و کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت ، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە ، نە ترس و بیمیان دەبێت ، نەغەم و پەژارەش روویان تێدەکات .

63. وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ : یادی ئەو نیعەتەش بکەنەوە کاتێک پەیمانمان لێوەرگرتن (کە پەیڕەوی تەورات بکەن) و کێوی طورمان بەڕاسەرتانەوە راگرت و پێمان وتن : ئەو بەرنامەیەی پێماندوان بە توند بیگرن (ئەگینا ئەم چیایە دەدەین بەسەرتاندا) ، هەمیشەش با لە بیرتان بێت چی تێدایەو چیتان لێدەخوازێت ، بۆ ئەوەی لە خوا ترس و پارێزکاربن .:

64. ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلاَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ
: کەچی پاش ئەوانە هەمووی رووتان وەرچەرخاند لە ڕێبازی خوا ، (پەیمانەکەتان شکاند) ، ئەوکاتە ئەگەر بەزەیی و یارمەتی و فەزڵی خوا نەبوایە لە سەرتان ، ئەوە دەچوونە ریزی خەسارەتمەندانەوە .

65. وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَواْ مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ
:سوێند بەخوا بێگومان زانیووتانە و ئاگادارن چیمان بەسەر ئەوانەتاند هێنا رۆژانی شەممە دەستدرێژییان دەکردو لە سنوور دەردەچوون ، (لەبەر ئەوە بڕیارماندا‌و) وتمان : ببنە مەیموونی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوا (بڕیار بوو جوولەکەکانی شارەکەی قەراغ دەریا ـ ئیلیە ـ رۆژانی شەممە تەرخان بکەن بۆ خواپەرستی و راوەماسی تیادانەکەن ، دیارە ماسییەکانیش هەستیان بەوە کردووە ، بۆیە لەو رۆژەدا خۆیان نواندووە ، جولەکەش بەسروشت زۆر بەتەماعن ، بیریان کردەوە لە تەگبیرو فێڵێک ، ئەویش بەوەی کە لە رۆژی هەینیدا داوو تۆڕیان بۆ بنێنەوە تا لە شەممەدا تێی بکەون ، رۆژی یەک شەممە چی کەوتۆتە داوو تۆڕەکانەوە دەری بهێنن (لە تەفسیری ئایەتی 163 تا 166 ، لە سورەتی ـ الرعراف ـ دا ئەم رووداوە باسکراوە) .

66.فَجَعَلْنَاهَا نَكَالاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ: ئينجا ئەو بە
مەيموون كردنەمان گێڕا بە پەندو عيبرەت بۆ ئەوانەی كە : هاوچەرخی
رووداوەكە بوون و بۆ ئەوانەش لەدوای ئەوان دێن ، هەروەها كردمانە
ئامۆژگاری بۆ خواناس و پارێزكاران .

67.وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُواً قَالَ
أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ : یادی ئەو نیعمەتە بكەنەوە كاتێک موسا
بە قەومەكەی وت : بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات كە مانگایەک سەر ببڕن (
كاتێک یەكێكیان لێ كوژرا بوو ، بكوژەكەش لای زۆربەیان نادیاربوو ، هاناو
هاواریان برد بۆ موسا) وتیان : ئایا دەمانكەیتە گاڵتەجاڕی خۆت؟ موسا وتی
: پەنا دەگرم بە خوا بچمە ریزی نەفامانەوە (گاڵتە بە خەڵكی بكەم) .

68.قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ
عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرونَ : ئینجا وتیان : (جا كەوایە) لە
پەروەردگارت داوا بكە بۆمان روون بكاتەوە ئەو مانگایە كامەیە؟ موسا وتی :
بەراستی خوا دەفەرموێت : ئەو مانگایە نە پیرەو نە پارێنە بەڵكو میانە ساڵە
، (ئیتر ئەوەندە قووڵی مەكەنەوەو لەسەری مەرۆن) چ فەرمانێكتان پێدراوە
جێ بەجێی بكەن .

.69 قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِـعٌ
لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ كەچی وتیان : لە پەروەردگارت داوا بكە بزانین رەنگی چۆنە؟
موسا وتی : بێگومان خوا دەفەرموێت : ئەو مانگایە مانگایەكی ڕەنگ زەردی تۆخە ،
تەماشاكارانی دڵخۆش دەكات .:

70.قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَاء اللَّهُ
لَمُهْتَدُونَ: كەچی هەر وتیان : لە پەروەردگارت داوا بكە تا بەتەواوی
بۆمان روون بكاتەوە بزانین كامەیە ؟! چونكە بەراستی ئەم گا گەلە سەری
لێ تێک داوین و رەنگی زۆربەیان لە یەک دەچێت ، ئەو مانگایەمان بۆ
نادۆزرێتەوە ، بەڕاستی ئێمە ــ ئەگەر خوا وویستی لەسەر بێت ــ رێنموویی
وەردەگرین .

71.قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ
فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ: موسا وتی:

بەراستی خوا دەفەرموێت : ئەوە مانگایەکە هێشتا رانەهێنراوە زەوی بکێڵێت و جووت بکات ، ئاودێری کشتوکاڵیش ناکات ، بێ عەیبەو یەک رەنگەو هیچ پەڵەیەکی تێدانی یە ، ئەوسا وتیان : ئا ئێستە ئیتر هەواڵی راستەقینەت پێداین ، (ئیتر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەستیان هێنا) و سەریان بڕی ، هەرچەندە خەریک بوو ئەو کارەش نەکەن:

.72 وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْساً فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ :(یادی نیعمەتی ئاشکرا بوونی بکوژەکە بکەنەوە) چۆن کاتێک کەسێکتان کوشت و یەکسەر ئاژاوە لە نێوانتاندا بەرپابوو، خوایش ئەوەی دەتانشاردەوە دەریخست و ئاشکرای کرد (کە بکوژ کێیە)

.73 فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ : ئینجا وتمان : بە پارچەیەک لەو مانگا سەربڕاوە بدەن بەلاشەی کوژراوەکەدا (دیارە بەویستی خوا وەک موعجیزەیەک کوژراوە کە زیندوو بۆتەوەو راستی بکوژەکەی خۆی وتووە) ، جا ئا بەو شێوەیەو بە ئاسانی ، خوا مردوان زیندوو دەکاتەوەو دەسەڵاتی خۆیتان نیشان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن و ژیر بن .

74.ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاء وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ : پاشان لەوەودوا دڵەکانتان رەق بوو، (ئەی جولەکەکان) هەر وەک بەرد ، بەڵکو رەقتریش (چونکە) بەراستی بەرد هەیە رووباری لێ هەڵدەقوڵێت ، هەشیانە لەت لەت دەبێت و ئاوی لێ دێتە دەرەوە ، هەشیانە لە ترسی خوا لە لوتکەی شاخەکان بەر دەبێتەوە ، خوایش بێئاگا نیە لەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن.

.75 أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ : ئایا ئێوە (ئەی گرۆی ئیمانداران) بە تەمان و ئومێدەوارن کە جولەکە ئیمان و باوەڕ بهێنن بە ئاینەکەی ئێوە ، لەکاتێکدا بێگومان دەستەیەک لە شارەزاکانیان گوفتاری خوایان دەبیست لە (تەورات)دا ، لەوەودوا دەسکاریان دەکرد دوای ئەوەی کە تێی گەیشتبوون و دەیانزانی راستیەکەی کامەیە.

76. وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلاَ بَعْضُهُمْ إِلَىَ بَعْضٍ قَالُواْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ: (له مه‌دینه‌دا جووه‌كان هه‌ر كاتێک تووشی ئیمانداران ده‌هاتن ده‌یانوت : ئێمه‌ش ئیمانمان هێناوه‌و (موسوڵمان بووین) ، به‌ڵام كاتێک پێكه‌وه‌ كۆ ده‌بوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ (به‌ناو زاناو دڵره‌قه‌كانیان) به‌ یه‌كتریان ده‌وت : ئه‌وه‌ بۆ ئێوه‌ ئه‌و شتانه‌یان بۆ باس ده‌كه‌ن كه‌ خوا بۆ ئێوه‌ی له‌ (ته‌ورات)دا باسكردووه‌ (ده‌رباره‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تی محمد) تاوه‌كو بیكه‌نه‌ به‌ڵگه‌ به‌سه‌رتانه‌وه‌ لای په‌روه‌ردگارتان!! ئایا ئێوه‌ عه‌قڵتان به‌و جۆره‌ شتانه‌ ناشكێت و ژیریتان ناخه‌نه‌كار؟!

77. أَوَلاَ يَعْلَمُونَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ: ئایا ئه‌وانه‌ نازانن كه‌ به‌راستی خوا ده‌زانێت چی په‌نهان ده‌كه‌ن و چیش ئاشكرا ده‌كه‌ن؟ (له‌ گوفتارو كردارو نیه‌تیان) .

78. وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ : هه‌ندێ له‌و جووله‌كانه‌ نه‌شاره‌زا و نه‌خوێنه‌وارن ، واده‌زانن كتێبی (ته‌ورات) بێجگه‌ له‌ چه‌ند ئاوات و هیوایه‌ک هیچی تر نیه‌ ، ئه‌وانه‌ هه‌ر گومانیان كردۆته‌ پیشه‌ی خۆیان (وا ده‌زانن به‌هه‌شتیان بۆ خۆیان مسۆگه‌ر كردووه‌) .

79. فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ : سا واوه‌یلا بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كتێب ده‌نووسن به‌ده‌ستی خۆیان و پاشان ده‌ڵێن : ئا ئه‌مه‌ له‌لایه‌ن خواوه‌یه‌ ، تا كه‌مێک له‌ ماڵی دنیا به‌ده‌ست بهێنن ، جا وه‌یل بۆ ئه‌و ده‌ست و (قه‌ڵه‌مانه‌ی) كه‌ شتی وا ده‌نووسن و وه‌یل بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ كه‌سابه‌تی ئاوا ئه‌نجام ده‌ده‌ن.

80. وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّاماً مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ اللّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ : جووله‌كه‌كان ده‌ڵێن : (چه‌نده‌ گوناهباربین) ته‌نها چه‌ند رۆژێكی كه‌م له‌ دۆزه‌خدا ده‌مێنینه‌وه‌!! پێیان بڵێ : باشه‌ ، ئێوه‌ په‌یمانتان له‌ خوا وه‌رگرتووه‌ ، تا هه‌رگیز خوای گه‌وره‌ په‌یمان شكێنی نه‌كات؟! یان هه‌ر ده‌تانه‌وێت شتێک بڵێن به‌ده‌م خواوه‌ كه‌ هیچ بناغه‌یه‌كی نیه‌و هه‌ر نازانن (چی ده‌ڵێن)!!

81. بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيـــئَتُهُ فَأُوْلَـــئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا
خَالِدُونَ :   نەخێر وانییە ، ئەوکەسەی گوناهو تاوان ئەنجام بدات و تاوانەکانی
هەموولایەکی دابگرێت (ئاشکراو نادیاری) ئەو جۆرە کەسانە نیشتەجێی ئاگری
دۆزەخن و بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە (لە هەر نەتەوەو هۆزو تیرەو تایەفەیەک
بن) .

82. وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُولَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ
:ئەو کەسانەش باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن ، هەر ئەوانن
نیشتەجێی بەهەشتن و تیایدا ژیانی هەتا هەتایی دەبەنە سەر (لە هەر چین و توێژو
ڕەگەزێک بن) .

83. وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ
حُسْناً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مِّعْرِضُونَ :   یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە
کاتێک پەیمانمان وەرگرت لەنەوەی ئیسرائیل کە جگە لەخوا کەسی تر نەپەرستن و
لەگەڵ دایک و باوکدا چاکەکار بن ، هەروەها لەگەڵ خزمان و هەتیوان و
هەژارانیشداو گوفتاری چاک و جوان روو بە خەڵکی بڵێن ، هەروەها نوێژەکانتان
بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن ، پاشان ئێوە (لەجیاتی گوێڕایەڵی) پشتتان
تێکرد ، جگە لەکەمێکتان نەبێت ، لە کاتێکدا زۆربەتان (لەو هەموو ئامۆژگارییە
بەسوودانە) ڕوو وەردەچەرخێنن و پشتی تێدەکەن .

84. وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لاَ تَسْفِكُونَ دِمَاءكُمْ وَلاَ تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ
ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ :   یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێک پەیمانمان لە ئێوە
وەرگرت کە ئیتر خوێنی یەکتر (بە ناحەق) نەڕێژن و یەکتر لە ماڵ و حاڵی خۆتان
دەربەدەر نەکەن ، پاشان بڕیاریشتان لەسەر ئەوەداو لەکاتێکدا خۆیشتان شایەتی
لەسەر ئەمە دەدەن .

85. ثُمَّ أَنتُمْ هَـــؤُلاء تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقاً مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ
عَلَيْهِم بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ
أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي
الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ :
لەوەودوا ئێوە هەر ئەوانەن (ئاماژەیە بۆ جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر   )

خەریکی یەکتر کوشتنن ، دەستەیەک لە (خزمانی) خۆتان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر دەکەن پشتی یەکتر دەگرن دژ بە دەستەیەکتان بە تاوان و دوژمنایەتی ، کەچی ئەگەر بەدیلی دەستی دوژمن بکەوتنایە ئەوا ئێوە فیدیەتان بۆ دەدان و ئازادتان دەکردن ، لە حاڵێکدا دەربەدەرکردنەکەیان لەسەرتان حەرامە ، کەوابوو چۆن دەبێت باوەڕتان بە بەشێکی (تەورات) هەبێت و بە بەشێکی تری باوەڕتان نەبێت؟ ئایا پاداشتی ئەوەتان کە ئەوکارە دەکات جگە لەسەر شۆڕیی و سووکی نەبێت لە ژیانی دنیادا هیچی تر هەیە؟ لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سەختترین سزا ، خوایش بێ ئاگانیە لەو کارانەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن .

86. أُولَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ : ئەوانە ، ئەوانەن کە ژیانی دنیایان کڕی و گۆڕیویانەتەوە بە ژیانی (بەهەشت)و دوارۆژ ، لەبەر ئەوە سزایان لەسەر کەم ناکرێتەوەو ئەوانە هەرگیز یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن .

87. وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءكُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَى أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقاً كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقاً تَقْتُلُونَ : سوێند بێت بێگومان ئێمە تەوراتمان بەخشی بە موساو بەردەوام دوای ئەویش پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردو بە عیسای کوڕی مەریەم بەڵگەو نیشانەو موعجیزەی جۆراو جۆرمان بەخشی هەروەها پشتگیریمان کرد بە فریشتە (جبرئیل) ، ئایا چۆن دەبێت هەر کاتێک پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کربێت، بەڵام لەگەڵ ئارەزووەکانی ئێوەدا نەگونجا بێت ، خۆتان بەزل زانیوەو لووتتان بەرز کردۆتەوەو بڕواتان نەهێناوە ، ئەوسا دەستەکتان (بەرنامەی خواتان) بە درۆ زانیووەو هەندێکتانیشتان پێغەمبەرانتان دەکوشت.

88. وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّه بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلاً مَّا يُؤْمِنُونَ هەروەها (جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر) وتیان: دڵەکانمان داخراوە (لە گوفتاری تۆ ، تێناگەین) نەخێر وانی یە ، ئەوانە خوا نەفرینی لێکردوون بەهۆی کوفرو خوانەناسیانەوە ، کەوابوو بە کەم شت بڕوا دەکەن .

89. وَلَمَّا جَاءهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَاءهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ : کاتێک لەلایەن خواوە کتێبێک (قورئان) هات بۆیان ، کە : ئەو کتێبانەی ئەوانیش

پەسەند دەكات و بەراستی دەزانێت ، ئەوان پێشتر داوای سەركەوتن و زاڵ بونیان بەسەر ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خوا دەكرد بە هۆی شوێنكەوتنیان بۆ پێغەمبەر ، كەچی كاتێک ئەو پێغەمبەرەیان بۆ هات كە دەیاننناسی ، بڕوایان نەكرد ، كەواتە با نەفرین و لەعنەتی خوا لەسەر كافران بێت .

.90 بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ بِمَا أنَزَلَ اللّهُ بَغْياً أَن يُنَزِّلُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَآؤُواْ بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ :

ئەو جوولەكانە) خۆیان بەشتێكی ناپەسەند فرۆشت (هەڵوێستێكی نادروستیان نواند) كاتێک كافر بوون بەو قورئانەی خوا ناردوویەتی ، (لە حەسوودی) و سەركەشیدا (ڕەخنەیان گرت و وتیان) : بۆچی خوای گەورە دەرگای فەزڵ و لای ڕەحمەت دەكاتەوە لە هەركەسێک بیەوێت لە بەندەكانی!! ئەوسا ئیتر دووچاری یەک لە دوای یەكی ڕق و خەشمی خوا بوون (چونكە وەنەبێت تەنها كافر بوو بن بە محمد و بەقورئان ، بەڵكو كافربوون بە موساو تەوراتیش كە داوای شوێنكەوتنی محمدیان لێدەكات)و بۆ كافرو خوانەناسان سزایەكی ریسواكەر ئامادەیە.

.91 وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرونَ بِمَا وَرَاءهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقاً لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

: كاتێک پێیان دەوترێت باوەڕ بهێنن بەوەی كە لە لایەن خواوە ڕەوانەكراوە ، دەڵێن : ئێمە تەنها باوەڕمان بەوە هەیە كە بۆ ئێمە ڕەوانەكراوە و باوەڕ ناهێنن بەهەموو ئەوانەی كە دوای (تەرات) هاتووە وەكو (ئینجیل و قورئان) لەكاتێكدا كە ئەو قورئانە حەق و ڕاستی یەو بەڕاست دانەری (تەورات)ی ئەوانیشە ، پێیان بڵێ: ئەی كەواتە بۆچی پێشتر پێغەمبەرەكانی خواتان دەكوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن بە تەورات؟!

.92 وَلَقَدْ جَاءكُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ :

سوێند بە خوا بەراستی موسا نیشانەی فرەو موعجیزەی زۆری بۆ هێنان، كەچی (كاتێ كەچوو بۆ نزای پەروەردگار ، لە كێوی گور) ئێوە گوێرەكەكەتان پەرست ، بەراستی ئێوە ستەمكارن .

.93 وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُواْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُمْ مُّؤْمِنِينَ :(یادیان بێنەرەوە ئەو سەردەمەی كە پەیمانمان لێ وەرگرتن و كێوی گورمان بەسەردا بەرزكردنەوە و (فەرمانمان پێدان) : ئەوەی پێمان بەخشیوون (لە تەورات) بە توندی بیگرن و لێی لامەدەن و گوێ بیستبن ، (بەدەم) وتیان : گوێڕایەڵین ، (بەڵام بەكردەوە) پێچەوانەیان كردو یاخی بوون و

گوێرەکە پەرستی لە دڵ و دەروونیاندا ڕوابوو بە هۆی بێ باوەڕییانەوە ، پێیان بڵێ : ئیمانەکەتان شتی ناڕەواتان پێ دەکات ئەگەر ئێوە ئیماندارن؟! (باوو باپیرانتان گوێرەکە پەرست و پێغەمبەر کوژ ، ئێوەش سەرسەخت و بێ باوەڕ) .

94. قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الآَخِرَةُ عِندَ اللّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : ئەی محمد پێیان) بڵێ : ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕتان وایە کە ماڵی ئەو دنیا (بەهەشت) لای خوا تایبەتمەندە بە ئێوە نەک خەڵکی تر ، دە ئاواتی مردن بخوازن ئەگەر ڕاست دەکەن (تا زوو بچنە ناو بەهەشت)!!

95. وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمينَ: (بەڵام ئەوانە) هەرگیز بەهۆی ڕەفتاری نادروست و دەست پێشخەری ناپەسەندیانەوە ئاواتی مەرگ ناخوازن ، خوایش چاک ئاگادارە لە حاڵی ستەمکاران

96. وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ : سوێند بێت ئەو جوولەکانە دەبینیت کە لە هەموو خەڵک بە پەرۆشترن لەسەر دنیاو ژیانی دنیا بەهەر جۆرێک بێت ، هەتا بگرە لە هاوەڵپەرست و موشریکەکانیش ، هەریەک لەوانە ئاوات دەخوازێت کە : هەزار ساڵ تەمەنی ببێت ، هەر چەندە وەنەبێت تەمەنی درێژیان لە سزا ڕزگاریان بکات ، خوایش زۆر بینایە بەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

97. قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللّهِ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ: (ئەی محمد) پێیان بڵێ : هەر کەسێک دوژمنی جوبرەئیلە ، (با بزانێت) کە هەر ئەو جوبرەئیلە بە فەرمانی خوا ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەر دڵت کە کتێبە پێشووەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموویی (بۆ چاکە) دەکات و مژدە بەخشیشە بە ئیمانداران .

98. مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ :ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی ، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل ، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خوای گەورە دوژمنی کافرو بێباوەڕانە .

.99 وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلاَّ الْفَاسِقُونَ : سوێند بێت به خوا ئێمه بێگومان نیشانەو ئایەتی ڕوونمان بۆ تۆ ناردووه (ئەی محمد) کەس باوەڕی پێی لەق نابێت ، جگه لە دەروون نەخۆش و یاخی بووەکان .

.100 أَوَكُلَّمَا عَاهَدُواْ عَهْداً نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ :ئەوە بۆ هەر جارێک پەیمانێکیان بەستبێت (لەگەڵ خواو پێغەمبەرو موسڵمانانادا) خێرا دەستەیەکیان پەیمانەکەیان شکاندووه ، بەڵکو زۆربەی زۆریان باوەڕ ناهێنن (ڕێزو قەدری پەیمان و ئیمان ناگرن) .

.101 وَلَمَّا جَاءهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ كِتَابَ اللّهِ وَرَاء ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ : کاتێکیش کە پێغەمبەرێکیان لە لایەن خواوە بۆ هات (مەبەست حەزرەتی محمد) لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتگیری لە ڕاستی تەورات دەکات ، دەستەیەک لە خاوەن کتێبەکان (جوولەکان) کتێبی خوایان پشتگوێ خست و خۆیان لێ گێل کرد ، هەروەک هەواڵی وا نەزانن و (نەیان بیستبێت) .

.102 وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ : جا جوولەکان (وازیان لە کتێبی خوا ـ تەورات ـ هێناو) شوێنی ئەوە کەوتن، کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسەڵات و حکومەتی سولەیمان، (ئاشکرایه کە) هەرگیز سولەیمان کافر نەبووە، بەڵکو شەیتانەکان کافربوون و خەڵکیان فێری سیحرو جادوو دەکرد ، هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەکرد کە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (کە دوو فریشته بوون) لە بابل (مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵکی بوو لە سیحرو جادوو) ، ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێک نەدەکرد تا پێیان نەوتایه : ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقی کردنەوەیەو خۆت کافر مەکە (کەچی هەندێک هەر کۆڵیان نەداو) لەو فریشتانەوە شتی وافێر دەبوون کە ژن و مێردی پێ لە یەک جوودا بکەن، (هەر چەندە) ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێک بە کەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، ئەو خەڵکە سەرگەردانە هەمیشە فێری شتێک دەبن کە زیانیان لێدەداو سوودی نیه بۆیان، بێگومان دەشزانن

ئەوەی کاڵای وای کڕی بێت و شتی وافێر ببێت لەو دونیا هیچ بەهرەیەکی دەست ناکەوێت، (بەراستی) ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووە و کەوتونەتە داوییەوە شتێکی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونکە سیحرو جادوو چەواشە کاریە و کارێکی نادروستە) .

103. وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُواْ واتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللَّه خَيْرٌ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ : خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەو جوولەکانە ئیمان و باوەڕیان بهێنایە و خۆیان بپاراستایە و جوانکار بوونایە (کە بێگومان ئەمەش نایەتە دی) ئەوا پاداشتێکیان لە لایەن خوای گەورەوە کە چاکترو بەفەڕتر بوو دەست دەکەوت، ئەگەر بیانزانیایە (بیرو هۆشیان بەکار بهێنایە) .

104. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقُولُواْ رَاعِنَا وَقُولُواْ انظُرْنَا وَاسْمَعُوا ْوَلِلكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەڵێن (راعِنا) (چونکە لە زمانی عیبریدا واتاکەی ناشرینە بۆ توانج و پلار بەکار دێت، بەڵکو) بڵێن : (انڤرنا) چاوەڕێ و سەیرمان بکە و بە چاکی ئەو فەرمانە لەگوێ بگرن، (چونکە) بۆ کافرو بێباوەڕان سزایەکی بە ئێشمان ئامادە کردووە (بەتایبەت ئەوانەی گاڵتە بەدین و ئیمان و موقەددەسات دەکەن) .

105. مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ : چ ئەوانەی کە کافرن لە خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان، چ موشریک و هاوەڵگەران حەز ناکەن لەلایەن پەروەردگارتانەوە هیچ خێرو بەرەکەتێک داباریت بۆتان و روتان تێبکات ، لەگەڵ ئەوەشدا خوا رەحمەتی خۆی تایبەت دەکات بە هەر کەسێک (بیەوێت و شایستە بێت) هەر خوایش خاوەنی فەزڵ و بەخششی گەورەیە.

106. مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : هەرئایەتێک بسڕینەوە ، یان بیخەینە بارودۆخی فەرامۆشییەوە و پشتگوێی بخەین ، چاکتر لەو ، یان وێنەی ئەو دەخەینە ڕوو ، مەگەر نەتزانیوە کە خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

107. أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ : ئایا نەتزانیوە (ئەی محمد ، ئەی ئیماندار) کە بەڕاستی هەر خوا خاوەنی

هەموو ئاسمانەکان و زەوییە ، جگە لەو خوایە هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکتان نیە؟

.108 أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُواْ رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَى مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ : (ئەی هاوەڵان) ئاخۆ ئێوەش دەتانەوێت داخوازی (گەورەو ناقۆلاّ) لە پێغەمبەرەکەتان (محمد) بکەن ، هەر وەک چۆن داحوازی لە مووسا کرا ، جا هەرکەسێک ئیمان و باوەڕ بگۆڕێتەوە بە کوفر ، ئەوە بێگومان ڕێبازی ڕاست و دروستی وون کردووە.

.109 وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : زۆرێک لە خاوەن کتێبەکان ئاواتە خوازن لەبەر حەسوودی و ناپاکی خۆیان ئەگەر بۆیان بکرێت بتانگێڕنەوە ڕیزی بێ باوەڕان ئەمەش دوای ئەوەی کە حەق و ڕاستییان بە تەواوی بۆ ڕوون بۆتەوە ، بەڵام ئێوە هەر لێیان ببورن و لێیان مەگرن و چاوپۆشییان لێ بکەن ، تا خوا کاری خۆی ئەنجام دەدات و وویستی خۆی جێبەجێ دەکات ، بێگومان خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

.110 وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ : کەواتە ئەی ئیمانداران) نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن (بەخاوەن مافەکان) و دڵنیا بن کە هەر کارێکی چاکە بۆ خۆتانی دەکەن ، لای خوا بزر نابێت و دەستتان دەکەوێتەوە چونکە بەڕاستی خوا بیناو بە ئاگایە بەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

.111 وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : جوولەکە و گاورەکان) دەڵێن: هەرگیز کەس ناچێتە بەهەشتەوە بێجگە لە جوولەکە یان گاور ، جا ئەوە ئاوات و خەیاڵی خۆیانە (تۆش ئەی محمد ، یان ئەی ئیمانداران) پێیان بڵێ : ئەگەر ڕاستگۆن ، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە (ئەگەر ئێوە بەهەشتی بن ، ئەوا موسوڵمانانیش بەهەشتیە چونکە باوەڕیان بە موسا و عیسا هەیە).

.112 بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ : نەخێر وانی یە ، هەر کەس بەڕاستی خۆی بداتە دەست خواو لەهەمان

کاتدا چاکەکارو موسڵمان بێت ، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری دەست دەکەوێت و نەترسیان دەبێت و نەغەم و پەژارە دایان دەگرێت.

113. وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَى شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ : جولەکە دەڵێن : گاورەکان لەسەر هیچ بنەماو راستییەک نین ، گاورەکانیش دەڵێن جوولەکە لەسەر هیچ بنەماو راستییەک نین ، لە کاتێکدا ئەوانە کتێبی (تەوات و ئینجیلیش دەخوێننەوە) هەروەها ئەوانەش کە هیچ نازانن (لە بتپەرستانی عەرەب) هەروا دەڵێن (بڕوایان بەئایینی ئیسلام و ئەوانیش نیە) خوایش لە رۆژی قیامەتدا دادگایی نێوانیان دەکات لەوەی کە ناکۆکن تیایدا.

114. وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا أُوْلَـئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَا إِلاَّ خَآئِفِينَ لهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ : جا کێ لەوە تاوانبارترو ستەمکارترە مزگەوتەکانی خوا قەدەغە دەکات لەوەی ناوی پیرۆزی ئەوی تیادا ببرێت و باسی ئاینی ئەوی تێدا بکرێت و هەوڵ بدات بۆ وێران کردنیان، ئەوانە بۆیان نیە بچنە مزگەوتەکانەوە مەگەر ترسی خوایان لەدڵدا بێت ، ئەوانە تەنها سوکی و ریسوایی بەشیانە لە دنیاداو لە قیامەتیشدا سزای گەورەیان بۆ هەیە

115. وَلِلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ إِنَّ اللّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ : ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو (هەموولایەک) هەر خوا خاوەنیەتی ، جا ڕوو بکەنە هەر لایەک خوا لەو جێ یە ئاگای لێتانە ، بەڕاستی خوا فراوانگیرو زانایە .

116. وَقَالُواْ اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَل لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ : جوولەکەو گاورو بت پەرستان) دەڵێن : خوا منداڵی بۆ خۆی داناوەو فەراهەمی هێناوە (لەکاتێکدا خوا پێویستی بەکەس نیە) نەخێر وانی یە ، بێگومان هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خۆی خاوەنیەتی و هەر هەمووشیان ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەوزاتەن .

117. بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ : هەر

ئەوزاتە) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە بەجوانترین شێوە ، جا هەر کاتێک بڕیاری
هەر شتێک بدات، تەنها ئەوەندەی بەسە کە فەرمانی بوون یان پێشهاتنی بدات ، ئیتر
خێرا ئەو شتە ، یان ئەو کارە ، دەبێت و ئەنجام دەدرێت.

118. وَقَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ لَوْلاَ يُكَلِّمُنَا اللّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ : جا ئەوانەی نەفام و نەزانن دەیانگوت : بۆ خوا لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ ناکات؟! یان موعجیزەو نیشانەیەکمان بۆ نایەت؟!! (شایانی باسە) کەسانی تریش پێش ئەمان هەمان شتیان دەوت ، ئەمانە دڵەکانیان چوونیەکەو لەیەک دەچێت (شێوازی دەربڕینیان جیاوازە) ، بێگومان ئێمە چەندەها بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو روونمان دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە راستی خوازن و بە شوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن .

119. إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ : بەڕاستی (ئەی محمد) ئێمە تۆمان هاوڕێ لەگەڵ حەق و راستەقینەکاندا رەوانە کردووە تا مژدەدەر بیت بە ئیمانداران و ترسێنەر بیت بۆ بێ باوەڕان ، بێگومان تۆ هەرگیز بەرپرسیار نیت لە نیشتەجێکانی دۆزەخ .

120. وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ : هەرگیز جولەکە و گاورەکان لە تۆ (ئەی محمد ، ئەی ئیمانداران) رازی نابن ، هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەیان نەکەویت ، پێیان بڵێ : بەڕاستی هەر بەرنامەی خوا (ئاینی ئیسلام ، شایستەی ئەوەیە کە هەموولایەکمان شوێنی بکەوین) هیدایەتی راست و دروست هەر لای ئەوە ، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت پاش ئەوەی زانیاری زانستیت پێگەیشتووە ، ئەوە بزانە کە لە لایەن خواوە هیچ سەرپەرشتیاری و یارمەتییەکت دەست ناکەوێت .

121. الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَـئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمن يَكْفُرْ بِهِ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ : دەستەیەک لەوانەی کتێبمان پێبەخشیون (قورئان) بەچاکی و بەوردی دەوری دەکەنەوە ، ئەوانە باوەیان پێی هەیەو باوەڕی پێ دەهێنن بەڵام ئەوەی بڕوای پێی نەبێت ، ئا ئەو جۆرە کەسانە لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندەکانن .

122. يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ: ئەی نەوەی ئیسرائیل یادی ئەو نازو نیعمەتانە بکەن کە بەسەرتاندا ڕژاندوومە و من کاتی خۆی ڕێزی ئێوەم دابوو بەسەر هەموو دانیشتوانی ئەم جیهانەدا .

123. وَاتَّقُواْ يَوْماً لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئاً وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ : خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێک کە کەس لە جیاتی کەس تۆڵەو پاداشت ناداتەوە ، بە هیچ شێوەیەک کەس فریای کەس ناکەوێت ، کەس بارمتەی لێوەرناگیرێت و ، تکاو پاڕانەوەی کەس بۆ کەسانی تر سوودی نابێت (یاخی و ستەمکارانیش) سەرکەوتوونابن و سەرناخرێن ...

124. وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ : یادی ئەوە بکەنەوە) پەروەردگاری ئیبراهیم ، ئیبراهیمی تاقیکردنەوە بە چەند فەرمان و بڕیارێک ، ئەویش زۆر بە جوانی ئەنجامیدان ، دوایی (کە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت) خوا فەرمووی : من بڕیارمداوە بتکەمە پێشەوای خەڵکی ، ئیبراهیم وتی : حەز دەکەم نەوەکانیشم لەوکارە پیرۆزە بێ بەهرە نەبن ، خوا فەرمووی : پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت (با نەوەی تۆش بن) .

125. وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ : یادی ئەوەش بکەنەوە) چۆن ئەم ماڵەمان (کەعبە) کردە جێگای کۆبوونەوەی خەڵکی ، کە بەوپەڕی هێمنی و ئاسایش و ئاسوودەییەوە لەوێ بەیەک بگەن (دە ئێوەش ، خەڵکینە) مەقامی ئیبراهیم کە شوێنی تایبەتی خواپەرستی ئەو بوو ، بیکەنە جێگای خواپەرستی و نوێژ ، ئینجا فەرمانماندا بە ئیبراهیم و ئیسماعیل کە ئەو ماڵەم خاوێن بکەنەوە (لە چەپەڵی ماددی و مەعنەوی) بۆ ئەوانەی بەدەوریدا دەسوڕێنەوەو (گواف) دەکەن و تیایدا دەمێننەوەو (اعتکاف) دەکەن هەروەها بۆ کڕنووشبەران و سووژدەبەران .

126. وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَـَذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ : یادی ئەوە بکەنەوە) کاتێک ئیبراهیم دۆعای کردو وتی : پەروەردگارا

دەوروبەری ئەم ماڵەت بگێڕە بەشارێکی پڕ لە ئاسایش و رزق و ڕۆزی هەمەجۆر ببخشە بەدانیشتوانی ، (بەتایبەت) بەوانەی باوەڕیان بەخواو ڕۆژیی دوایی هێناوە. (خوای گەورە وەڵامی دایەوە کە دۆعات گیرایەوە) فەرمووی : بەڵام ئەوەش کافرە بێ بەشی ناکەم لە بەرهەم و نازو نیعمەتی کەم تەمەنی ئەم دنیایە ، بەڵام لەوەودوا بە ناچاریی تووشی سزای ئاگری دەکەم کە سەرئەنجام و چارەنووسێکی خراپە .

127. وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ : بە یاد بهێنن ئەو کاتەی ئیبراهیم پایەکانی کەعبەی بەرز دەکردەوە لەگەڵ ئیسماعیلدا و (دەیانوت) : پەروەردگارا ئەم کارەمان لێ وەربگرەو لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە ، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی زۆر بیسەرو زانایت .

128. رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ : پەروەردگارا ، هەردووکمان وا لێ بکە تەنها فەرمانبەردارو ملکەچی تۆبین و لە نەوەکانیشمان ئوممەتێکی موسوڵمان و فەرمانبەردار بۆ خۆت فەراهەم بهێنە و چۆنیەتی ڕێبازی بەندایەتیمان فێربکە و نیشانمان بدەو تەوبە و پەشیمانیمان لێ وەربگرە ، بێگومان تۆ خوایەکی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانیت .

129. رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ : پەروەردگارا ، بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ئایندەدا دێن پێغەمبەرێک لە خۆیان ڕەوانە بکە ، تا ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوەو فێری کتێبە پیرۆزەکەی تۆ (واتە قورئان) و دانایان بکات ، تا دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و کردەوەیان لە ڕەوشتی ناپەسەند پاک بکاتەوە ، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت .

130. وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ : ئایا کێ لە ئاینی ئیبراهیم پشت هەڵ دەکات ، جگە لەو کەسەی کەخۆی گێل و نەفام بکات ، سوێندبێت بێگومان ئێمە ئیبراهیممان لەم دنیایەدا هەڵبژاردووەو (کردوومانە بەپێشەوا) بەڕاستی لەو دنیاش لە ڕیزی پیاو چاکاندایە .

131. إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ : کاتێک پەروەردگاری پێی وت : ملکەچ و فەرمانبەردار بە ، (ئەویش خێرا) وتی : تەسلیمی پەروەردگاری هەموو

جیهان بووم (باوەڕی پتەوم پێی هەیە) .

132. وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ : جا ئیبراهیم و یەعقوب ئەم وەسیّتەیان کرد بۆ کوڕەکان و نەوەکانیان ، (هەریەک لەوان فەرموویەتی) : ڕۆڵەکانم ؛ بەراستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوەو هەڵی بژاردووە ، ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بە موسوڵمانی نەبێت مەمرن (تا دوا هەناسەتان پەیڕەوی بکەن) .

133. أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَـهَكَ وَإِلَـهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِلَـهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ : ئایا ئێوە (ئەی جوولەکەو گاورانێک کە باوەڕ بەمحمد ناکەن و خۆشتان بەشوێنکەوتەی ئیبراهیم و یەعقوب دەزانن) ئامادەی سەرەمەرگی یەعقوب بوون؟ ئەوکاتەی بەکوڕەکانی وت : دوای مردنی من چی دەپەرستن؟! هەموو وتیان : خوای تۆ و باوو باپیرانت دەپەرستین ، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقن ، خوایەکی تاک و تەنهایەو ئێمە هەموو تەسلیم و فەرمانبەرداری ئەوین.

134. تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ: ئەوانە ئوممەتێک بوون ڕۆیشتن بەخۆیان و کردەوەی چاکیانەوە ، ئێوەش هەرچی دەیکەن لە چاکە بۆ خۆتانە و بەرپرس نابن لە کارو کردەوەی ئەوان .

135. وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُواْ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ : (کەچی هێشتا ئەوان بە موسوڵمانان) دەڵێن : وەرن ببنە جولەکە یان گاور تا بکەونە سەر ڕێگەی راست؟!(ئەی محمد ، پێیان) بڵێ : (نەخێر وانابین) بەڵکو شوێن ئاین و بەرنامەی ئیبراهیم دەکەوین کە پاک و دروستەو هەرگیز لە ریزی بت پەرستان و هاوەڵگەراندا نەبووە .

136. قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ : ئەی پەیڕەوانی محمد ئێوە) بڵێن : ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوەو بەو قورئانەش کە دابەزیوە بۆمان و بەوەش کە دابەزیوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب ، هەروەها بەو پەیامەی کە بۆ

موساو عیسا هاتووە و بەو پەیامانەی کە بۆ پێغەمبەران بەگشتی ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانەدا ، ئێمە هەموومان تەنها تەسلیمی فەرمانی پەروەردگارین .

.137 فَإِنْ آمَنُواْ بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ : جا ئەگەر ئەوان (جولەکەو گاورەکان)باوەڕیان هێنا ، وەک ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە ، ئەوە بەڕاستی مانای وایە ڕێبازی هیدایەتیان دۆزیوەتەوە ، بەلاّم ئەگەر پشتیان تێکرد ، ئەوە بێگومان دەکەونە دژایەتی و دوبەرەکی یەوە ، (بەلاّم دڵنیابە ئەی محمد ، ئەی ئیماندار) خوا تۆ دەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان چونکە ئەو خوایە زۆر بیسەرو زانایە .

.138 صِبْغَةَ اللّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدونَ :ئەم ئاین و بەرنامەیە) ئەو ڕەنگ و نەخشەیەیە کەخوا دایڕشتووە ، کێ هەیە لە خوا چاکتر ڕەنگ و نەخشەی جوان بکێشێت و دایڕێژێت ، لە هەموو بارو دۆخێکدا ئێمەی ئیماندار هەر ئەو دەپەرستین .:

.139 قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِي اللّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ : بەو جوولەکانە) بڵێ : ئایا ڕەوایە ئێوە دەربارەی ئاینی خوا قڕەو گاڵەو کێشەمان لەگەڵ دەکەن (دەتانەوێت پێغەمبەرایەتی هەر لەناو ئێوەدا بێت! لەکاتێکدا کە قەدری خوایش نازانن و کوڕو هاوسەری بۆ بڕیار دەدەن!!) ، خۆ خۆتان چاک دەزانن کە ئەو خوایە پەروەردگاری ئێمە و ئێوەشە ، کارو کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و کارو کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە (ئێمە لە بۆچوون و کارو کردەوەتان بەرین) ، ئێمە تەنها دڵسۆزو ملکەچی ئەو پەروەردگارەین .

.140 أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَـــقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ : چۆن دەڵێن کە : ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی ، جولەکە یان گاور بوون؟!! پێیان بڵێ : باشە ئایا ئێوە دەزانن یان خوا؟ جا کێ لەوە ستەمکارترە کە شایەتیەکی خوایی لەلابێت و شاردبێتیەوە ، بێگومان خوا بێ ئاگانیە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

141. تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ: ئەوانە ئوممەتێک بوون ڕۆیشتن بەخۆیان و کردەوەی چاکیانەوە ، ئێوەش هەرچی دەیکەن لە چاکە بۆ خۆتانە و بەرپرس نابن لە کارو کردەوەی ئەوان .

142. سَيَقُولُ السُّفَهَاء مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَا قُل لِّلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ :نەفام و دەم بەتاڵەکان لە خەڵکی (دوای گۆڕینی ڕووگە لە قودسەوە بۆ کەعبە) دەڵێن : باشە چی وای لێکردین کە واز لە ڕووگە پێشوەکە بهێنن؟! کە جاران ڕوویان تێدەکرد ، پێیان بڵێ : ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و (هەموولایەک) خوا خاوەنیەتی ، هەر کەسێکی بوێت ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوان .

143. وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ : بەو شێوەیەش ئێوەمان بەگەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە ، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە ، لە ڕووی دنیاو قیامەتەوە ، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە .. هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێرو سەربەرزیە بۆ تاک و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستاو ڕابەری ئێوە بێت و لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی بدات (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون) و ئەو قیبلەو ڕووگەیەش ڕووت تێکردبوو (کە بیت المقدس بوو) گۆڕانکاریشمان بەسەردا هێنا تەنها بۆ ئەوە بوو بزانین و دەربکەوێت ، کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەبێت و کێش پاشەو پاش هەڵدەگەڕێتەوە ، هەرچەندە (گۆڕینی قیبلە) بوو بەهۆی ناڕەحەتیەکی گەورە ، مەگەر لەسەر ئەوانەی خوا دڵیانی دامەزراندبوو و ڕێنموویی کردبوون ، بێگومان خوا ئیمان و باوەڕداریی و (نوێژتان) زایە ناکات ، چونکە بەڕاستی خوا بۆ خەڵکی ، زۆر بەسۆزو بە بەزەیی یە .

144. قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاء فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ

لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ : (ئەی پێغەمبەر) بەڕاستی چاوگێڕان و هەڵسورانی رووخسارت روو بەئاسمان دەبینین (کە بە هیوای رووگەیەکی تایبەتیت ، ئێمەش ئاگاداری نیازی دڵت بووین) سوێند بەخوا ئێمەیش رووت وەردەچەرخێنین بۆ رووگەیەک پێی رازی و خۆشنوود بیت ، دە رووت وەربچەرخێنە بەرەو لای کەعبە (المسجد الحرام) و ئێوەش ئەی موسوڵمانان لە هەر کوێ بوون ، بەرەو لای ئەوێ رووتان وەربچەرخێنن ، بەڕاستی ئەوانەش کتێبیان پێ گەیشتووە (لە گاورو جوو) چاک دەزانن کە (ئەم گۆڕانی رووگەیە) حەقیقەت و راستیە و فەرمانی پەروەردگاریانە (لە تەورات و ئینجیلدا ئاماژەی بۆ کراوە) و خوا هەرگیز بێ ئاگا نیە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

145. وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُواْ قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ : سوێند بەخوا ئەگەر بچیت بۆ لای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە ، بە هەر بەڵگەیەک بتەوێت شوێنی راستی بکەون و رووبکەنە رووگەی تۆ ، رووی تێناکەن و بەقسەت ناکەن ، تۆش هەرگیز شوێنکەوتەی رووگەی ئەوان نابیت ، ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی رووگەی هەندێکی تریان نین ، سوێن بەخوا ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان بکەویت ، دوای ئەوەی زانیاری تەواوت پێراگەیەنرا لەم بارەیەوە ، بێگومان تۆ دەچیتە رِیزی ستەمکارانەوە (ئەستەمە تۆ وابیت ، ئەی فرستادەی خوا) .

146. الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ : ئەوانەی کتێبمان پێ بەخشیوون پێغەمبەر دەناسن هەروەک چۆن نەوەکانی خۆیان دەناسن ، بێگومان دەستەیەک لەوان ئەو راستییە دەشارنەوە ، لەکاتێکدا دەشزانن محمد فرستادەی خوایە .

147. الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ : حەق و راستی هەر ئەوەیە لەلایەن پەروەردگارتەوە پێت راگەیەنراوە ، نەکەی لە رِیزی ئەو کەسانەدا بیت گومان و دوودڵی (بۆ خەڵکی) دروست دەکەن .

148. وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُواْ الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُواْ يَأْتِ بِكُمُ اللّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : بۆ هەر گەل و میللەتێک روگەو قیبلەیەک هەیە ،

خوا روویان وەردەچەرخێنێت بۆ لای ، (دە ئێوەی موسوڵمان) پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاندا ، روو لە هەرکوێ بکەن و لە هەر کوێ بن خوا هەمووتان کۆ دەکاتەوە چونکە بەڕاستی ئەو خوایە بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا .

.149 وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ : لە هەر شوێنێکەوە دەرچویتە دەرەوە (لە هەرکوێ بوویت لە ماڵ یان سەفەر ، لەکاتی نوێژەکاندا) روو بکەرە کەعبەی پیرۆز ، بێگومان ئەو فەرمانە حەق و راستیە و لەلایەن پەروەردگارتەوەیە ، خوا غافڵ و بێ ئاگا نیە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

.150 وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي وَلأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ : لە هەر لایەکەوە رۆشتیتە دەرەوە و لە هەرکوێ بوویت (لەکاتی نوێژەکاندا) روو بکەرە کەعبەی پیرۆز و ئێوەش (ئەی موسوڵمانان) لە هەر کوێ بوون و هەن رووتان وەرچەرخێنن بەلای ئەودا ، تا خەڵکی و میللەتانی تر هیچ بەڵگەیەکیان نەبێت بەسەرتانەوە ، مەگەر ستەمکارانیان (کە بەهیچ بەڵگەیەک قایل نابن و هەر ئاشووب و پیلان دەگێڕن) ، جا لەو تاوانبارو پیلانگێڕانە مەترسن ، بەڵکو تەنها لە من بترسن ، تا نازو نیعەتی خۆمتان بەتەواوی بەسەردا برژێنم (کە مانەوەیە لەسەر رێگەی راست لە دنیادا و بەهەشتی بەرین و رەزامەندی خوایە لە دوارۆژدا) بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بەردەوام رێبازی هیدایەت بگرنەبەر .

.151 كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ : هەر وەکو (بۆ تەواو کردنی نازو نیعمەتم) لە نێوتاندا پێغەمبەرێکم لە خۆتان بۆ رەوانە کردوون کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنێتەوە ، دڵ و دەرون و رواڵەت و ئاشکراتان خاوێن دەکاتەوە ، فێری قورئان و حیکمەت و داناییتان دەکات ، ئەو شتانەتان فێر دەکات کە هەرگیز خۆتان نەتاندەزانی .

.152 فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ : دەی کەواتە) ئەی ئیمانداران ئەگەر یادی من بکەن ، منیش یادی ئێوە دەکەم و سوپاسگوزاری من بن و سوپاس ناپەزێرو سپڵەیی بەرامبەرم مەکەن .

153. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ : ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە داوای کۆمەک و یارمەتی لە خوا بکەن بەهۆی ئارامگرتن و نوێژ کردنەوە ، دڵنیابن کە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە .

154. وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبيلِ اللّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاء وَلَكِن لاَّ تَشْعُرُونَ :جا هەرگیز بەو کەسانەی لە ڕێگەی خوادا دەکوژرێن و شەهید دەبن ، مەڵێن : مردوون ، نەخێر ئەوانە زیندوون و بەڵام ئێوە هەست بە زیندوویەتی ئەوان ناکەن .

155. وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ : سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێک لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکاڵ ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن ..

156. الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ : کە ئەوانەن هەر کاتێک تووشی بەڵاو ناخۆشیەک دەبن دەڵێن : ئێمە موڵکی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە ، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان .

157. أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ : ئا ئەوانە چەندەها ستایش و ڕەحمەت و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە .

158. إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ: بەڕاستی یەفا و مەروە (کە دوو جێگەن لە پاڵ کەعبەدا) لە دروشمەکانی خوای پەروەردگارن ، جا ئەوەی حەجی ماڵی خوا دەکات ، یاخود عەمرە ئەنجام دەدات (کە لە هەموو کاتێکی ساڵدا دەکرێت) ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە ئەگەر هاتوچۆو بکات لە نێوانیاندا ، ئەوەش خۆبەخشی دەکات و (عەمرە و گواف)ی زیاتر دەکات با بزانێت کە خوا سوپاسگوزارو زانایە .

159. إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَـئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ : بەڕاستی ئەوانەی کە بەرنامە و ڕێنموویيەکانی ئاشکرای ڕەوانە کراوی ئێمە دەشارنەوە کە ناردوومانە ، دوای ئەوەی بۆ خەڵکیمان ڕوون کردۆتەوە لە کتێبەکاندا ، ئا ئەوانە خوا نەفرینیان لێدەکات و

نەفرین کارانیش نەفرەتیان لێدەکەن ...

160. إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَـئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ
: جگە لەوانەی کە تەوبەیان کردووە و چاکسازیان ئەنجامداوەو ئەو حەقیقەت و راستیان روون کردۆتەوە کە جاران شاردبوویانەوە ، ئا ئەوانە گەڕانەوەکەیان لێ وەردەگرم و تەنها منیشم زۆر تەوبە وەرگرو دلۆڤان و میهرەبانم .

161. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ : بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون و بە بێ باوەڕی مردوون ، ئا ئەوانە لەعنەت و نەفرینی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکیان بەگشتی بەسەردا دادەبارێت ...

162. خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ : ئەوانە بەو نەفرینەوە لە ئاگری دۆزەخدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە و ئەو سزایەیان لەسەر سووک ناکرێت و بە چاوی سۆزەوە تەماشا ناکرێن .

163. وَإِلَـهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ : خوای ئێوە خوایەکی تاک و تەنهایە ، جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە ، هەر ئەو خوایەش بەخشندەو میهرەبان و بەبەزەییە .

164. إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ : بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵوگۆڕی شەوو ڕۆژدا و لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریادا و بەهۆیەوە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن و لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای ووشک بوون و مردنی ، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مارو مێرووی لەسەر رووکاری زەویدا بلاو کردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێکردنی باو شەماڵ و راگیر کردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا ، ئەمانە هەموو بەڵگەو نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیروهۆشیان دەخەنەکارو بیر لە دەسەڵاتی بێ سنووری خوا دەکەنەوە .

165. وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ : (لەگەڵ ئەوهەموو بەڵگە ئاشکرایانەدا) هەندێک کەس هەیە لەجیاتی ئەوەی خواپەرست بێت ، شتانی تر دادەتاشێت بۆ خۆی و (شوێن ڕێنموویيەکانی خوا ناکەوێت و) خۆشەویستی و سۆزی دەدات بەو بت و بەرنامۆلکەو توولە ڕێگەیانە و خۆشی دەوێن ، وەک چۆن ئیمانداران خوایان خۆش دەوێت ، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت (هەر بەراورد ناکرێت) جا ئەوانەی کە ستەمیان کردووە گەر دەیانزانی لەکاتێکدا کە بەچاوی خۆیان ڕووبەڕووی ئەو سزایە دەبنەوە ، کە بەڕاستی بۆیان دەردەکەوێت کە هێزو تواناو دەسەڵات هەر هەمووی بە دەست خوایە و دڵنیا دەبوون کە ئەو خوایە سزاکەی زۆر بە ئازارە (بۆ ستەمکاران) .

166. إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُواْ مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ: لەو کاتەدا سزای ڕۆژی دوایی دەبینن ، ئەوانەی کە خەڵکی شوێنیان کەوتبوون خۆیان بەریی دەکەن و لە شوێنکەوتەکانیان حاشا دەکەن ، بەتایبەت کاتێک ئەو سزا توندو تیژە دەبینن ، هەموو پەیوەندیەکان دەبچڕێت کە لە نێوانیاندا هەبوو و هیچ بەڵگەو بیانویەکیان بەدەستەوە نامێنێت کە خۆیانی پێ ڕزگار بکەن .

167. وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّؤُواْ مِنَّا كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ : ئەوانەی کە شوێنکەوتە بوون دەڵێن : خۆزگە نۆرەیەکمان بۆ بلوایە ئێمەش ئاوا خۆمان بەریی دەکرد لەوان ، هەروەک ئەوان خۆیان بەریی کرد لە ئێمە ، ئا بەو شێوەیە خوا سەرئەنجامی کارو کردەوەکانیان نیشان دەدات و بۆیان دەکاتە ئاخ و حەسرەت لەسەریان ، بەڕاستی ئەوانە هەرگیز لە دۆزەخ دەرچوونیان نی یە .

168. يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ : ئەی خەڵکینە! لە ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ و پاکی زەوی بخۆن (توخنی قەدەغە کراوان مەکەون) و شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە .

169. إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاء وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ :

بێگومان ئەو شەیتانە هەر فەرمان بە خراپە و گوناهو تاوان دەکات و هەروەها هانتان دەدات بۆ وتنی هەندێک شت یان هەڵبەستنی هەندێک گوفتار بەدەم خواوە بێ ئەوەی بزانن (کە سەرئەنجامی ئەو کارەتان چەندە مەترسیدارە) .

170. وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ : ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بوترێت : شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لە لایەن خواوە رەوانە کراوە ، دەڵێن : نەخێر ، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوو باپیرانمان پێوەی ئالوودە بوون و لەسەری راهاتوون ، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشیان تێ نەگەیشتوو هیچ نەزان و ناشارەزاو رێنموویش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەکەون؟!!) .

171. وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ : نموونەی بێ باوەڕان (لەگەڵ پێغەمبەردا لەوەی کە سوود وەرناگرن لەم قورئانە) وەکو ئەو شوانە وایە : کە هاوار دەکات بەسەر ئاژەڵەکەیدا ، بەڵام تێی ناگەن ، تەنها ئەوەیە کە گوێیان لە هات و هاوارێکە ، ئەوانە کەڕو لاڵ و کوێرن و ژیری و هۆشمەندیان لە دەستداوە .

172. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، بخۆن لەو رزق و رۆزیە چاک و باشانەی کە پێمان بەخشیوون و بەردەوام سوپاسگوزاری خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن .

173. إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ : (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی کە ناوی غەیری خوایان لەکاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە ، حەرامی کرووە لێتان ، جا ئەگەر کەسێک پێویستی ناچاری کرد بەخواردنیان بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون ، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەرنی یە ، بەراستی خوا زۆر لێخۆشبوو بە بەزەیی و دلۆڤانە .

174. إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً أُولَـئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ : بێگومان ئەوانەی نیگای خوا دەشارنەوە کە لە کتێبەکانیدا رەوانەی کردوون

(تەورات و ئینجیل و قورئان) و بەو شاردنەوەیە نرخێکی کەم بەدەست دەهێنن (ئەگەر هەموو دنیاشیان دەستکەوێت لە بەرامبەریەوە هەر کەمە) ، ئا ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و سکیانی لێ پڕ دەکەن و لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە نایاندوێنێت و خاوێنیان ناکاتەوە (لە چڵک و چەپەڵی گوناهیان) و هەر سزای بەئێشیان بۆ هەیە ...

175. أُولَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَآ أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ : ئا ئەوانە کەسانێکن کە گومڕاییان وەرگرتووە لە باتی هیدایەت و سزایان کڕیوە لە باتی چاوپۆشی و لێبووردن ، ئای چەندە خۆگرن لەسەر ئاگری دۆزەخ !!

176. ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ (ئەو هەڕەشەیە) لەبەر ئەوەیە بەراستی خوا کتێبە پیرۆزەکانی بەحەق و ڕاستی دابەزاندووە ، بێگومان ئەوانەش کە ناکۆکیان لەسەری هەیەو هەر ڕایان جیاوازە لە بەرامبەر کتێبە ئاسمانیەکانەوە ، ئەوانە هەر لە کێشمە کێش و بەربەرەکانیەکی دوور لە ڕاستیدان .

177. لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ : کرداری چاک و کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونکە جولەکە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پڕو پاگەندەی زۆریان کرد) ، بەڵکو کرداری چاک و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران ، هەروەها ماڵ و سامانی بەخشی بێت ـ لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆی ـ بەخزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و داواکاران و لە پێناوی ئازادکردنی بەندەکاندا ؛ هەروەها نوێژی بەچاکی ئەنجام دابێت و زەکاتیشی لە ماڵ و سامانی دەرکردبێت و ئەوانەی وەفاداربن بەپەیمانەکانیان کاتێک پەیمانیان دابێت ، ئەوانەش کە لە کاتی نەداری و هەژارای و نەخۆشی و ناخۆشی و کاتی جەنگ و شەڕو شۆڕدا ئارامگرن، ئا ئەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردووە و هەر ئەوانەشن پارێزکارو خواناس و دیندارن .

178. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ
وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ
وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ
عَذَابٌ أَلِيمٌ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، پێویست کراوە لەسەرتان :
تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژراوەکان ، کەسێکی ئازاد بەکەسێکی ئازاد و بەندەش لە
جیاتی بەندە و ئافرەت لە جیاتی ئافرەت (واتە هەر کەسێک بە تاوانی
کوشتنی ناحەق هەستا دەبێت بکوژرێتەوە) ، جا ئەوەی چاوپۆشی شتێکی لێکرا
لەلایەن براکەیەوە ، با حەقداری کوژراوەکە چاک ڕەفتاربێت لەگەڵ بکوژەکەداو
بکوژەکە بەجوانی بەهای کوژراوەکە بدات و ئەوە کار ئاسانکردن و سۆزو
میهرەبانیە کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە (کە لە جیاتی کوشتنەوە خوێنبایی
وەربگرێت) ئەوسا ئیتر ئەوەی لەوەودوا دەستدرێژی بکات و لە سنوور بترازێت
سزای بەئێشی بۆ ئامادەکراوە .
179. وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ : ئەی
هۆشمەندەکان ژیانتان تەنها لە تۆڵەسەندنەوەدایە (لەو کەسانەی خەڵکی
بەناحەق دەکوژن) ، بۆ ئەوەی تەقواو لە خوا ترسان ببێتە پیشەتان و خۆ
لە دەستدرێژی و تاوان بە دوور بگرن .
180. كتِبَ عَلَيكم ِ ژا حَچِرَ ِرحَدَكم المَوت ِ ن تَرَكَ خَيرا الوَپيه لِلوَالِدَينِ
وَالرِقرَبِينَ بِالمَعروفِ حَقا عَلَ* المتقِينَ : پێویستکراوە لەسەرتان کاتێک
یەکێکتان مەرگی نزیک بوەوەو سامان و ماڵ و دارایيەکی بەجێ دەهێشت ، با
وەسیەت بکات کە هەندێکی بدرێت بە دایک و باوکی و خزمانی بەشێوەیەکی
جوان و لەبارو ئەمە پێویست و ئەرکە لەسەر خواناس و پارێزکاران .
181. فَمَن بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ
عَلِيمٌ : جا ئەوەی ئەو وەسیەتە دەگۆڕێت دوای ئەوەی بیستی و بەباشی
وەری گرت ، گوناهی تەنها لەسەر ئەوانەیە کە دەیگۆڕن ، بەڕاستی خوای
پەروەردگار بیسەرو زانایە (بە گوفتار و نیەتیان) .
182. فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ
رَّحِيمٌ : جا هەر کەس دەترسا لە وەسیەت کارەکە هەڵە یان گوناهێک یان ماف
خۆرییەکی ئەنجام بدات (گیروگرفت بۆ وەرەسە دروست بکات) ئینجا ڕێکی خستن ،
ئەوە هیچ گوناهی لەسەرنیە (بەڵکو بەخێر خواز لە قەڵەم دەدرێت) بەڕاستی خوا زۆر

183. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن
قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان
لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو ،
بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن .

184. أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ
وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن
تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ :چەند ڕۆژێکی ژمێرراوی دیاریکراو (کە
مانگی رەمەزانە) خۆ ئەگەر کەسێک لە ئێوە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو با
بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی بۆی نەگیراوە لە ڕۆژانێکی تردا بیانگرێتەوەو
ئەوانەش کە بە زەحمەت دەتوانن بەڕۆژوو بن (وەکو پیرەمێردو نەخۆشە
بەردەوامەکان) ئەوە با ژەمێک خواردن ببەخشن بە هەژارێک ، ئەوەی زیاتر
ببەخشێت ئەوە باشترە بۆی ، بێگومان ئەگەر بەڕۆژوو بن چاکترەو پاداشتی
زۆرترە ئەگەر بزانن و (بتوانن) .
185. شهر رمچان الڕی رنزل فیه القر*ن هد* للناس وبینات من الهد*
والفرقان فمن شهد منکم الشهر فلیٚمه ومن کان مریچا رو علا* سفر فعده من
ریام رخر یرید اللـه بکم الیسر ولا یرید بکم العسر ولتکملوا العده ولتکبروا
اللـه علا* ما هداکم ولعلکم تشکرون : مانگی رەمەزان (ئەو مانگەیە) کە
قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە ، لەکاتێکدا ئەم قورئانە ڕێنموویی بەخشە بە
خەڵکی و بەڵگەی زۆری تیادایە ، لە ڕێنموویی و جیاکردنەوەی ڕاست و
ناڕاست و حەق و ناحەق ، جا کەسێک لە ئێوە مانگی رەمەزانی بینی (یان
هەواڵی بینینی پێدرا) ، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت ، ئەوەش کە نەخۆش بێت
یان لە سەفەردا بێت با لە ڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە ، چونکە خوا
ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس
و گران بکات و بۆ ئەوەی ئەو ماوە دیاریکراوە تەواو بکەن و خوا بەگەورە بگرن
و سوپاسگوزاریشی بکەن لەسەر ئەوەی کە ڕێنموویی کردوون (سروودی جەژن
: الله اکبر الله اکبر الله اکبر ، لا اله الا الله و الله اکبر ، الله اکبر و لله الحمد ،

بەجێهێنانی ئەم فەرمانە خواییەیە) .

186. وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ
لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ : (ئەی محمد) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن
دەربارەم ، ئەوە من نزیکم لێیانەوە ، بە هاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەر
کاتێک لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن ، دەبا ئەوایش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی
دامەزراو بە من بهێنن ، بۆ ئەوەی ڕێگای هوشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ
بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان) .

187. أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ
لَّهُنَّ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالآنَ
بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ
الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ
وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ
آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ : لە شەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵ بوونتان لەگەڵ
هاوسەرانتاندا حەڵاڵ کراوە ، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ
ئەوان ، خوای گەورە دەیزانی کە ئێوە خۆتان دەخەڵەتاند (لە نزیک
بوونەوەتان لە هاوسەرەکانتانەوە ، چونکە دوودڵ بوون و نەتاندەزانی حەڵاڵە
یان نا) ، بەڵام خوای میهرەبان تۆبەی لێ وەرگرتن و لێتان خۆشبوو ، کەوابوو
لە ئێستە بەدواوە (لە شەوگاردا) نزیکییان بکەن و ئەوە داوابکەن خوا بۆی
بڕیار داون (لە نەوەی چاک و خواناس) ، دەبخۆن و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی
بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریکی
شەو لادەبات ، لەوەودوا ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا
دەبێت) و نزیکیی لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا مەکەن لە کاتێکدا کە ئێوە بڕیاری
مانەوەتان (بۆ خوا پەرستی) لە مزگەوتەکاندا داوە ، جا ئەوانەی کە باسکران
چەند سنوورێکی خوان و مەیانبەزێنن و نزیکیان مەکەون ، ئا بەوشێوەیە خوا
ئایەت و ڕێنموویەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆ خەڵکی ، بۆ ئەوەی
پارێزکاری بکەن .

188. وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا
مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ : نەکەن ماڵ و دارایی یەکتر لە

نێوانتاندا بە ناحەق بخۆ (وەک بەرتیل و سوو ، یان داگیرکردن و فرو‌فێڵ ...)
نەکەن هەندێکی بدەن بەکاربەدەستان بۆ ئەوەی هەندێک ماڵی خەڵکی بخۆن لە
ڕێگەی ناحەق و گوناهەوە ، لە کاتێکدا خۆشتان دەزانن کە ئەو کارە ڕەوا نیە .
189. يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُواْ
الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ : پرسیارت لێدەکەن دەربارەی نوێ بوونەوەی مانگەکان ،
پێیان بڵێ ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتەکانە بۆ خەڵکی و بۆ زانینی کاتی حەج
(خوای گەورە ڕێکی خستووە) ، چاکە و چاکەکاریش ئەوە نیە کە لە پشتەوە
خۆتان بکەن بە ماڵاندا (کە ئەمە کارێک بوو لەسەردەمی نەفامیدا ئەنجام دەدرا
دوای گەڕانەوە لە حەج) بەڵکو چاکە ئەوەیە کە ئەو کەسە لە خواترس و
پارێزکار بێت ، لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنە ژوورەوە ، لە خوا بترسن بۆ ئەوەی
سەرفراز بن .
190. وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ
الْمُعْتَدِينَ :بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان
دەجەنگن ، نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن و منداڵ و ماڵات و ... هتد)
چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت .
191. وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ
أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن
قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ : (دەستدرێژکەران) بکوژن لە هەر
کوێدا دەستان کەوتن و دەستان بەسەریاندا ڕۆیشت و دەریان بکەن لەو
شوێنەی کە دەریان کردوون (کە شاری مەککە بوو) ، بێگومان هاوەڵگەری و زۆر
کردن لە ئیماندار تا پاشگەز ببێتەوە لەئاینەکەی لە کوشتن خراپترە ،
مەجەنگن دژی کافران لە سنووری مزگەوتی حەرام و (کەعبە)دا هەتا ئەوان
شەڕتان پێ نەفرۆشتن و نە جەنگن دژتان ، خۆ ئەگەر شەڕیان پێ فرۆشتن و
جەنگان دژتان ئێوەش بجەنگن دژیان ، چونکە هەر ئاوایە پاداشتی ئەو
بێباوەڕانە .

192. فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ : خۆ ئەگەر ئەوانە کۆڵیانداو شەڕیان
وەستان ، ئەوە خوا زۆر لێبووردە و میهرەبانە

.193 وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ
إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ : خۆ ئەگەر کافران کوڵیان نەداو هەر جەنگان و پیلانیان
گێڕا) ئێوەش بجەنگن دژیان تا وەکو هاوەڵگەری و ئاشوب و ناخۆشی نەمێنێت
، هەروەها تا دین و ئاین و بەرنامەو فەرمانڕەوایی هەر بۆ خوای گەورە بێت ،
خۆ ئەگەر کۆڵیانداو وازیان هێنا ، ئەوا هیچ جۆرە دژایەتیەکیان نامێنێت تەنها
دژ بە ستەمکارەکانیان نەبێت .
.194 الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ
فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ
: (ڕێزی مانگی حەرام پەیوەستە بە ڕێز گرتنی ئەوان بۆ ماگی حەرام (واتە:
ئەگەر لەو مانگانەدا جەنگان دژتان کە جەنگ تیایدا حەرامە ئێوە حەقی
بەرگریتان هەیە) و دەستدرێژی بۆ سەر هەر شتێکی حورمەتدار دەبێت تۆڵەی
بسەنرێت بەبێ زیادەڕەوی ، جا ئەوەی کە دەستدرێژی دەکاتە سەرتان ،
ئێوەش مافتان هەیە بەقەدەر دەست درێژییەکەی ئەو ، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە
و لە خوا بترسن و ، چاک بزانن کە بەڕاستی خوا یارو یاوەری پارێزکارانە .
.195 وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ
يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ : لە ڕێ و ڕێبازی خواداو بۆ ڕەزامەندی ئەو ، ماڵ و
سامانتان ببەخشن ، بەدەستی خۆتان، خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن (چونکە
ڕەزیلی و دەست نوقاوی مایەی تیاچوونە) ، هەمیشە خێرو چاکە ئەنجام بدەن
و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خوادا ببەخشن) چونکە بەڕاستی
خوا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت .
.196 وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ
تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى
مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى
الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ
إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ
الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ : حەج و عەمرە بەچاکی و
تەواوی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ئەنجام بدەن ، جا ئەگەر ڕێتان
لێگیراو ئەرکەکانتان بۆ ئەنجام نەدرا (بەهۆی نەخۆشی یان هەر هۆیەکی تر)
ئەوە دەتوانن ماڵاتێک بکەن بەقوربانی بەگوێرەی توانا ، سەرتان مەتاشن و

(ئیحرام مەشکێنن) تا قوربانییەکە ئەنجام نەدرێت و بەجێی خۆی نەگات ، جا هەر کەسێکتان نەخۆش بوو یان برین و ئازارێک لە سەریدا هەبوو (پێویست بوو مووی سەری یان هەندێکی لاببات) با فیدیە بدات (کە بریتیە لەوەی بەڕۆژوو بێت ، یان خێرێک یان قوربانیەک بکات ، جا هەر کاتێک کە لە ئاسوودەیی و ئاسایدا بوون ، ئەوەی کە دەیەوێت نێوان حەج و عەمرە (ئیحرام بشکێنێت و پۆشاکی ئاسایی لەبەر بکات) دەبێت بە گوێرەی توانای خوی قوربانییەک بکات ، ئەوەش کە نەیبوو قوربانی بکات ، با سێ ڕۆژ لە حەج بەڕۆژوو بێت و حەوت ڕۆژیش کە گەڕانەوە (ناو ماڵ و حاڵی خۆیان) ئەوە دەکاتە ، دە ، ڕۆژی تەواو ، جا ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە خەڵکی مەککەو دەورو بەری نین ، لە خوا بترسن و پارێزکاربن و بزانن کە بەڕاستی خوا سزاو تۆڵەی زۆر سەختە (لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن) .

197. الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ : حەج لەچەند مانگێکی دیاریکراودایە و (خۆی بۆ ئامادە دەکرێت و نیەتی لێدەهێنرێت) جا ئەوەی کە لەو مانگانەدا دەستبەکار بوو و بڕیاریدا حەج بکات ، ئەوە دەبێت نزیکی هاوسەری نەکەوێت و شەڕە چەپۆک و گوناهو موجادەلە و گوفتاری نادروست ئەنجام نەدات ، بێگومان هەر خێرو چاکەیەک ئەنجام بدەن خوا پێی دەزانێت و ئاگادارە لێی ، بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرەو توێشوو بخەن ، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە ، بەردەوامیش لە من بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان .

198. لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّآلِّينَ : هیچ گوناهبار نابن ئەگەر لەکاتی حەجدا لە فەزڵی پەروەردگارتان ، خۆتان بەهرەوەر بکەن (وەک بازرگانی و شت کڕین) هەر کاتێک لە عەرەفات دابەزین و گەڕانەوە ، یادی خوا بکەن لە لای (مشعر الحرام کە : کێوێکە لە داوێنی مزدلفە دا) و یادیشی بکەن وەک چۆن ڕێنموویی کردوون و هیدایەتی داوون ، چونکە بەڕاستی ئێوە پێش ئەم ئاین ڕێنوومایە سەرگەردان و گومڕا بوون .

199. ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
لەوەودوا (روو بە قورەیش و سەرکردە و دەوڵەمەندان دەفەرمویێت) : خەڵکی لە کوێوە دابەزین و گەڕانەوە ئێوەش لەوێوە دابەزن و بگەڕێنەوەو (خۆتان جیامەکەنەوە) و داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن ، چونکە بەڕاستی پەروەردگارتان زۆر لێخۆشبوو میهرەبانە .:

200. فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ : جاهەر کاتێک ئەرک مەناسیکەکانتان بەجێ هێنا ، ئەوکاتە یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی باو و باپیرانتان دەکەن (کاتی خۆی عەرەب زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بە باوو باپیریانەوەو باسیان کردوون) یاخود زۆر زیاتریش لەوان ، جا هەندێک لە خەڵکی هەیە کە دەڵێت : پەروەردگارا هەرچیمان پێ دەبەخشیت لە دنیادا پێمان ببەخشە ، بێگومان ئەو جۆرە کەسە لە قیامەتدا بێ بەهرەو بێ بەش و بێ رێزە .

201. وِمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ هەشیانە کە دەڵێت : پەروەردگارا لە دنیادا خێرو چاکەو نازو نیعمەتمان پێ ببەخشەو ، لە قیامەتیشدا لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکەو ، لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە .:

202. أُولَـئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ: ئا ئەوانە لە هەندێک لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامیانداوە بەهرەوەر دەبن لە دنیاو قیامەتدا و خوا زۆر بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات (هەر کەسە بەو شوێنە دەگەیەنێت کە لە دنیادا دەست پێشخەری بۆ کردووە) .

203 .وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ : لە ڕۆژانێکی دیاریکراودا(کە ڕۆژانی جەژنی قوربانە) یادی خوا بکەن ئەوەی کە پەلە بکات و لە دوو ڕۆژدا شەیتان رەجم بکات ئەوە هیچ گوناهی لەسەر نییە ، ئەوەش دوای بخات و (بە سێ ڕۆژ ئەنجامی بدات هەر گوناهی لەسەر نییە ،بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە خۆیان لە نافەرمانی خوا دەپارێزن ، جا لە خوا بترسن و بزانن سەرئەنجام ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ، (لەبەردەم دادگای

ئەودا) کۆ دەکرێنەوە .

204.ومِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ : هەندێ کەس هەن قسەو گوفتار و دەم پاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات ، خویش بە شایەت دەگرێت و دەڵێت : دڵ و زمانم یەکسانن ، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتیەکدا .

205.وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ هەر کاتێک ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکردو دەسەڵاتی پەیدا کرد ؛ هەوڵ و کۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بکات و خراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاو کردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات ، بێگومان خوا فەسادو خراپە و تاوانی ناوێت .

206.وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ خۆ ئەگەر پێی بوترێت : لە خوا بترسە ، (هەروا بۆت نالوێت) ، غەڕڕایی دەیگرێت و شانازیی بە گوناهو تاوانەوە دەکات و سوور دەبێت لەسەری ، تۆڵە لە ئیمانداره دڵسۆزەکە دەسێنێت و تاوانباریشی دەکات ، جا ئەو خوانەناسە دۆزەخی بەسە ، سوێند بەخوا ئەو دۆزەخە شوێن و جێگەو لانەیەکی نالەبارە .:

207.وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَاللّهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبَادِ : هەندێ خەڵکیش هەن (پێچەوانەی ئەوانەی باسکران) خۆیان دەفرۆشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بەخوا ، خوای گەورەش بەسۆزو میهرەبانە بەرامبەر ئەو جۆرە بەندانەی .

208.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ : ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لە نێوان خەڵکیدا بەرپا بکات و لە ئیسلام دووریان بخاتەوە) .

209.فَإِن زَلَلْتُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ : خۆ ئەگەر لاتانداو هەڵەو گوناهتان کرد دوای ئەوەی کە هەموو شتێکتان بۆ روون کرابۆوە ،

ئەوە چاک بزانن کە خوا بەدەسەڵاتە (تۆڵەتان لێ بسێنێت) و دانایە (پەلە ناکات بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ سەر راستە شەقام) .

210.هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن يَأْتِيَهُمُ اللّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلآئِكَةُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ : ئایا ئەوانەی کە ڕێبازی ئیسلامیان ناوێت چاوەڕێی چی دەکەن؟ جگە لە هاتنی خوای گەورە بۆ لایان لە نێو سێبەری پەڵە هەوری سپی لەگەڵ فریشتەکاندا ، ئەوکاتە هەموو شتێک کۆتایی پێ هێنرا (دەرگای تەوبە داخراو کۆتایی بە دنیا هات) ، ئەوسا هەموو کارو فرمانێک هەر بۆ لای خوای پەروەردگار دەگەڕێتەوە .

211.سَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَمْ آتَيْنَاهُم مِّنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ : (ئەی محمد) لە نەوەی ئیسرائیل بپرسە : چەندە بەڵگەی روون و ئاشکرامان پێ بەخشیوون؟ جا ئەوەی نیعمەتی خوا بگۆڕێت ، (لە یەکخواناسی لابدات) دوای ئەوەی بۆی هاتووە ، ئەوە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر سەخت و بە ئازارە (لەو جۆرە کەسانە) .

212.زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ اتَّقَواْ فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ : ژیانی دنیا رازێنراوەتەوە بۆ بێباوەڕان (بەڵام لەباتی سوپاسگوزاری) گاڵتە دەکەن بە باوەڕداران (لەبەر هەژاری و نەداری و کەم دەسەڵاتی) ، بێگومان ئەوانەی کە خاوەنی تەقواو لە خوا ترسان بوون لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەرویانەوەن (لە بەهەشتی بەرزو بەریندا ، ئەوانیش لە ناخی دۆزەخدان) و خوا (لە دنیادا) رزق و رۆزی دەبەخشێت بە هەموو کەس بێ ئەوەی گوێ بداتە بیرو باوەڕیان .

213.كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ : (لە سەرەتای پەیدابونی خەڵکیدا ، پێش تۆفانەکەی نوح) خەڵکی ، یەک ئوممەت بوون و خاوەنی تەنها بیروباوەڕی یەکتاناسین بون ، (بەڵام بەرەبەرە لایاندا) خوایش وێڵی نەکردن و پێغەمبەرانی

ڕەوانەکرد ، تا مژدەدەرو ترسێنەربن هاوڕێ لەگەڵ کتێبی ئاسمانیدا ، بۆ روون کرنەوەی حەق و ڕاستی ، تا لەنێوان خەڵکیدا فەرمانڕەوایی و دادوەری ئەنجام بدات لەسەر ئەو شتانەی کە بۆتە کێشەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری جیاوازە ، کەسیش جیاوازی و کێشەی لەسەر بەرپا نەکرد جگە لەوانەی کە ئەو کتێبانەیان پێ بەخشراوە (کە گاورو جولەکەن) دوای ئەوەی بەڵگەو نیشانەی روون و ئاشکرایان بۆ هات (کە قورئانە ، ئینجا کێشە و دووبەرەکیان تێدا دروست بوو) ئەمەش بەهۆی حەسادەت و ستەم کردنیانەوە (بۆیە پەیڕەوی حەق و ڕاستییان نەکرد) ، ئەوسا هیدایەت و ڕێنموویی ئیماندارانی کرد بۆ دۆزینەی حەق و پەیڕەوی کردنی لە نێوان ئەو مەسەلانەی کە ئەوان کێشەیان لەسەری هەبوو و خوا ڕێنموویی هەرکەسێک دەکات کە بیەوێت و (شایستە بێت) بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست .

214.مْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَزُلْزِلُواْ حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللّهِ قَرِيبٌ : ئایا لاتان وایە هەروا بە ئاسانی دەچنە بەهەشتەوە (بێ تەنگانە و ناخۆشی) ؟! مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشوتان بۆ باس نەکراوە ، کە تووشی شەڕو ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردوە و زۆریان بۆ هاتووە بەڕادەیەک ، هەتا پێغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا ، دەیانوت : کەی پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟! ئیتر کەی خوا یارمەتی دەنێرێت؟! ئاگاداربن و دڵنیابن بەڕاستی یارمەتی خوایی زۆر نزیکە .

215.يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ : لە تۆ دەپرسن (ئەی پێغەمبەر) کەچی ببەخشن و بەکێی ببەخشن؟ پێیان بڵێ : هەر خێرێک دەکەن سەرەتا دایک و باوکتان فەرامۆش مەکەن ، هەروەها خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانی نەداریش ، هەر خێرو چاکەیەکیش ئەنجام دەدەن ، دڵنیابن کە خوا زانا و ئاگادارە لێی .

216.كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ : جەنگ لەسەرتان بڕیار دراوە کەشتێکی گرانە لاتان (ئیماندار بەجەستە لای گرانە بەڵام ڕۆحی پێی ئاسوودەیە بۆ بەرگری لە ئیسلام و لابردنی کۆسپەکان) بەڵام لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت

کەچی خێر لەوەدا بێت ، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت ، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لەچی دایە) ، ئێوە نایزانن . (جەنگ لە ئیسلامدا بۆ بەرهەڵستی کردنی دوژمنانی داگیرکەرو دوژمنانی دینە و بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەیە کە نایەڵن خەڵک ئازادانە بژین و ئازادانە ئەو ڕێبازە هەڵبژێرن کە خۆیان قەناعەتیان پێیەتی ، هەرگیز بۆ ئەوە نیە کە بە زۆر خەڵک موسوڵمان ببێت و مێژووی ئیسلام شایەتی حاڵەو ئەگەر کارێکی وا رووی دابێت ئەوە ئاینی ئیسلام لێی بەرییە) .

217.يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا (کە بریتین لە ـ ژوالعقدە ـ ژوالحجە ـ محرم ـ رجب) ، بڵێ : جەنگ لەو جۆرە مانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە ، بەرهەڵستی ڕێبازی خواو بێ باوەڕی پێی ، جەنگ لە مزگەوتی حەرامدا و دەربەدەر کردنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لای خوا (لە کوشتنی کەسێک یان چەند کەسێک لە مانگی حەرامدا) هەروەها ئازاردانی ئیماندار تا هاوەڵگەر بێت و پاشگەز بێتەوە تاوانێکە لە کوشتن گەورەترە ، (بێگومان بێ باوەڕان) بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێبکەن لە دین و ئاینتان پاشگەز ببنەوە ، ئەگەر بۆیان بکرێت ، جا هەر کەس لە ئێوە پاشگەز ببێتەوە لە ئاینەکەی و بە کافریش بمرێت ، ئا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پوچەڵ دەبێت لە دنیاو قیامەتدا و ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر .

218.إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أُوْلَـئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ : بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەی کۆچ و جیهادو تێکۆشانیان کردووە لە پێناوی ڕێبازی خوادا ، ئا ئەوانە بەهیوا و بەتەمای رەحمەت و میهرەبانی خوای پەروەرگارن ، بەراستی خوایش زۆر لێخۆشبوو و دلۆڤانە .

219.يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ :

پرسیارت لێدەکەن دەربارەی عەرەق و قومار ، پێیان بڵێ : لەو دووانەدا تاوان و گوناهێکی گەورە هەیە ، هەر چەندە چەن سوودێکیشیان تێدایە بۆ خەڵکانێک ، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە کەڵک و سوودیان ، پرسیارت لێدەکەن کە چی ببەخشن؟ پێیان بڵێ : هەرچیتان لێ زیادە دەتوانن بیبەخشن ، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئەم بەڵگەو فەرمانانەتان بۆ روون و ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو (واز لەو شتانە بهێنن کە زیانیان زۆرترە لە سوویان ، وەچی بۆ هەردوو جیهانتان چاکە ئەوە بکەن)...

220.فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاَحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاء اللّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ :

(ئەوەی بەرژەوەندی ئێوەی تێدایە) لە دنیاو قیامەتدا (خوا روونی کردۆتەوە) ،
هەروەها پرسیارت لێدەکەن دەربارەی هەتیوان (کە چۆن بن بۆیان) پێیان بڵێ : چاکسازی و پەروەردەکردنیان لە هەمووشت چاکترو پەسەندترە ، خۆ ئەگەر تێکەڵاویان بکەن و بیانهێننە ماڵتان ئەوانە براتانن (دەبێت بەچاکی چاودێری خۆیان و ماڵیان بکەن) خوایش کەسانی خراپساز (ئەوانەی تۆوی خراپە دەچێنن) و چاکسازتان دەزانێ و جیای دەکاتەوە ، ئەگەر خوا بیویستایە باری گران دەکردن و مەرجی سەختی دادەنا (دەربارەی چاودێری هەتیوان) ، چونکە بەڕاستی خوا باڵادەست و داناو کاربەجێ یە .

221.وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشِرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَـئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ:

ئافرەتانی موشریک و خوانەناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن ، بێگومان کەنیزەکێکی ئیماندار چاکترە لە ئافرەتێکی موشریک و خوانەناس ، هەرچەندە (جوانییەکەی ، یان سامانەکەی ، یان پلەو پایەکەی) سەرسامی کردبن و ژن مارە مەبڕن لە پیاوانی موشریک و خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن و لەڕاستی بەندەیەکی ئیماندار چاکترە لە موشریک و خوانەناسێک ، هەرچەندە سەرسامی کردبن (قەدو قیافەو پلەوپایەو سامانەکەی) ، ئائەو خوانەناسانە بانگەوازی مەردوم دەکەن بەرەو دۆزەخ ، خوایش بانگهێشتی مەردومان دەکات بەرەو بەهەشت و لێخۆشبوون بە فەرمان و ئیزنی خۆی (کە گوێڕایەڵی ڕێبازەکەیەتی) و خوا ئایەتەکانی (قورئانەکەی) بەروونی دەخاتە بەرچاو بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێبگەن .

222.وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ

حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ : (ئەی پێغەمبەر) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ : ئەوە ئازارو زەرەرە ، کەوابوو خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاک دەبنەوە ، جاکاتێک پاک و خاوێن بوونەوەو خۆیان شت بچنە لایان ، بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە ، بەڕاستی خوا تەوبەکاران و پاکانی خۆشدەوێت (ئەوانەی رواڵەت و ناوەڕۆکیان پاکە) .

223.نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ : ژنانی هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن ، جا بە هەر شێوەیەک دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە (بە هیوای بەرهەم) و بۆ خۆتان دەست پێشکەری بکەن (سەرەتا هاوسەری خواناس و چاک هەڵبژێرن ، لەوەودواش دوعاو نزاو خواپەرستی بەردەوام فەرامۆش مەکەن) و لە خوا بترسن و خۆتان لە خراپە بپارێزن و چاک بزانن و لێنیابن کە بە دیداری خوا شاد دەبن و ئەم مژدەیەش بدە بە ئیمانداران .

224.وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : نەکەن سوێند خواردن بەخوا بکەنە کۆسپ لەبەرامبەر چاکەکاری و ئاینداری و ڕێکخستنی خەڵکیدا (واتە کەفارەتی سوێندەکانتان بدەن و لە چاکەو چاکەکاری دریغی مەکەن) چونکە خوا زۆر بیسەرو زانایە .

225.لاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ : خوای گەورە ئەو سوێندانەتان لێناگرێت کە لە دەمتان دەردەچێت و لەسەری ڕاهاتوون ، بەڵکو لەسەرئەوە لێتان دەگرێت و موحاسەبەتان دەکات کە نیەتی دڵتانی لەسەرە و خوا لێخۆشبووە (لە گوناهەکەتان) و ئارامگرو خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لە یاخی و سوێند خۆران ناسێنێت) .

226.لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَآؤُوا فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ : بۆ ئەوانەی کە سوێند دەخۆن نزیکی هاوسەریان نەکەون ، بۆیان هەیە تا چوار مانگ چاوەڕوانی بکەن (دەبێت لەو ماوەیەدا بڕیاری یەکجاری بدەن) ، خۆ ئەگەر ئاشت بوونەوە و ڕێککەوتن ، ئەوە خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە .

227.وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : خۆ ئەگەر سوور بوون لەسەر تەڵاق دانیان، ئەوە بەڕاستی خوا بیسەری (بڕیاریانە)و زانایە (بە نیەتیان) .

228.وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ ژنانی تەڵاقدراو ، دەبێت تا سێ جار عادەتی مانگانە چاوەڕێ بکەن و (شوونەکەنەوە) و حەڵاڵ نیە بۆیان ئەوەی خوا لە منداڵدانیاندا دروستی کردووە (منداڵ یان حەیز بیشارنەوە ، ئەگەر باوەڕیان بە خواو بەرۆژی دوایی دامەزراوە، (لەو ماوەیەدا) هاوسەرەکانیان شایستەن بە گێڕانەوەیان لە ماوەی چاوەڕوانی و عیدەدا ، ئەگەر ویستیان چاکسازی لە ژیانی خۆیاندا بکەن (ئەمەش بۆ تەڵاقی رەجعی یە) ، ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بەگوێرەی باو و نەریتێک کە پەسەندە لە ئیسلامدا و پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە یەک پلەیان هەیە (ئەویش دەسەڵاتی گێڕانەوەی ژنەکانیانە لەکاتی تەڵاقی رەجعیدا)و خوا باڵادەست و دانایە (باڵادەستە بەسەر هەمووانداو دانایە لە دابەشکردنی ماف و ئەرکەکاندا) .:

229.الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللّهِ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ : تەڵاقێک (کە پیاو بتوانێت هاوسەرەکەی تێدا بگێڕێتەوە) دووجارە ، دوو کەڕەتە (پیاو بۆی هەیە تەڵاقی هاوسەرەکەی بدات و چاکترین شێوازی ئەوەیە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا روون کراوەتەوە) ، لەوەودوا واتە بۆ سێهەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێت ژیانی هاوسەریی بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بەدەمیداو ئەگەر هات) دەبێت بەچاکی و بەرێک و پێکی دەست بەرداری ببێت و بۆتان حەڵاڵ نیە هیچ شتێکیان لێ بسێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی پێتان بەخشیوون ، مەگەر بترسن لەوەی کە نەتوانن سنوورەکانی خوا چاودێری بکەن و (ستەم لە یەک بکەن)، خۆ ئەگەر (ئەی قازییەکان ، ئەی خێرخوازان) ترسان لەوەی کە ژن و مێردەکە سنووری خوا راناگرن و (خۆیان گوناهبار دەکەن) ئەوە ئێوە هیچ گوناهبار نابن کاتێک کە دڵنیان ئافرەتەکە دەیەوێت (بە هەندێکسامان، یان دەست هەڵگرتن لە هەندێک مارەیی) خۆی رزگار

بکات، دڵنیابن ئەو شتانەی کە باسکران سنوورەکانی خوای پەروەردگارن، لێی مەترازێن و سنوورشکێنی مەکەن، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر سنوورەکانی خوا، ئا ئەو جۆرە کەسانە ستەمکارن .

230.فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ : خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێهەم، پیاو ژنەکەی خۆی) تەڵاقدا ، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شوویەکی تر بکات و (هاوسەری دووهەمی بەشێوەیەکی ئاسایی تەڵاقی بدات، یان بمرێت) ، ئەوە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکترو (ژیانی ژن و مێردایەتی دەست پێبکەنەوە)، ئەگەر گومان و رایان وابوو دەتوانن سنوورەکانی خوا راگرن و (ژیانێکی ئاسودەیی ببەنە سەر) ، جا ئەوەی کە باسکرا سنوورەکانی خوای گەورەن، روونیان دەکاتەوە بۆ گەلێک کە بزانن و تێبگەن .

231.وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النَّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لَّتَعْتَدُواْ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ : کاتێک ژنانی هاوسەرتان تەڵاقداو ئەوانیش گەیشتنە کۆتایی (عیددەیان) ئەوسا یان بیانهێڵنەوە لای خۆتان بەچاکە و ڕێزەوە ، یان دەست بەرداریان ببن بە چاکە و ڕێزەوە ، مەیان هێڵنەوە بەئێش و ئازارەوە بۆ ئەوەی دەست درێژی و ستەمیان لێبکەن، هەرکەس ئەوە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە، نەکەن ئایەت و ڕێنموویيەکانی خوا بەگاڵتە بگرن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها یادی ئەو شتانە بکەنەوە کە لە قورئاندا بۆتان رەوانە کراوە کە پڕە لە دانایی ، لەکاتێکدا ئامۆژگاریتان دەکات بەوانە و هەوڵ بدەن خواناس و ئاین پەروەر بن و چاک بزانن کە: بەڕاستی، خوا بە هەموو شتێک زانایە .

232.وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْاْ بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ : هەروەها ئەگەر ژنانتان تەڵاقداو گەیشتنە کۆتایی عادەتی مانگانەیان ، ئێوە (ئەی کەسو کاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان شوو بکەنەوە بە هاوسەرەکانیان، (یاخود ویستیان شوویەکی تر بکەن) ،

کاتێک ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕەزامەندییان نواند بە شێوەیەکی جوان، ئەم (فەرمان و ڕێنموویيانە) ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ دەکرێت لە ئێوە کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی قیامەت هەبێت، ئەو جۆرە ڕەفتار و کردەوانەتان جوانترو پەسەنترو خاوێنترە، خوای پەروەردگاریش چاک دەزانێت (چی خێرە بۆتان) و ئێوە نایزانن و دەرکی ناکەن .

233.وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ : دایکان (تەڵاقدراو بن یان نەء) دوو ساڵی تەواو با شیر بە منداڵەکانیان بدەن بۆ هەر کەس کە دەیەوێت شیری تەواو بدات و پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی یان بەخێوکەری) رزق ز رۆزی و پۆشاک بەشێوەیەکی جوان و پەسەندی ئایین ئامادە بکات، ئەرک لەسەر هیچ کەس دانانرێت جگە لە توانای خۆی ، نابێت هیچ دایکێک زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە، هەروەها باوکیشی نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە و لەسەر میراتگری منداڵەکەشە وێنەی ئەو مافانەی کە باسکران، خۆ ئەگەر دایک و باوک هەر کاتێک بە ڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوولایان ویستیان منداڵەکەیان لە شیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکات و هیچ گوناهیان لەسەر نی یە لەو بارەیەوە ، خۆ ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی منداڵەکانتان بگرن، ئەوەش قەیناکات و هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ، بەمەرجێک ماف و کرێیان بەجوانی و شایستە پێ بدەن ، لە خوا بترسن و پارێزکاربن و چاک بزانن بەڕاستی خوا زۆر بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

234.وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ:

ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و هاوسەران بەجێ دەهێڵن ، پێویستە ئەو هاوسەرانە چوارمانگ و دە شەو خۆیان بگرن و چاوەڕێ بکەن (شوو نەکەنەوە) ، جا کە گەیشتنە کۆتایی ماوەی عیددەکەیان ، ئەوە ئیتر هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ئەی کەس و کاری ژن کە ڕێ بدەن ئەو ئافرەتانە بچنەوە دۆخی جارانیان لەوەی کە شەرع حەڵاڵی کردووە بۆیان پێش عیددە ، خوای پەروەردگاریش زۆر ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی ئەنجامی

دەدەن .

235.وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ
أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَـكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ
النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ
أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ : هیچ گوناهێکیشتان لەسەرنی یە لەوەی بەناڕاستەوخۆ
خوازبێنی ژنانی مێرد مردوو بکەن (کە هێشتا ماوەی دیاریکراویان تەواونەبووە و
دروست نیە شوو بکەنەوە)، یاخود لە دڵی خۆتاندا بڕیاری خوازبێنیتان دابێت، خوای
گەورە بەڕاستی زانیویەتی کە ئێوە لەمەودوا ناویان دەبەن و باسیان دەکەن، بەڵام
نەکەن بە نهێنی بەڵێنیان لێ وەربگرن، مەگەر بەشێوازی گوفتارێکی چاک و دروست و
باو نەبێت، نەکەن بڕیاری تەواوی مارەبڕینیان بدەن هەتا ماوەی دیاری کراو تەواو
نەبێت و چاکیش بزانن بەڕاستی خوا دەزانێت بەوەی کە لە دڵ و دەروونتاندایە، کەواتە
خۆتان بپارێزن (لە قەدەغە کراوەکانی خوا)، دڵنیابن و چاک بزانن کە خوا زۆر
لێخۆشبوو و خۆڕاگرو لەسەرخۆیە .

236.لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء مَا لَمْ تَمَسُّوهُنُّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ
عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ : هیچ
گوناهتان لەسەرنی یە ئەگەر ژنانێک تەڵاق بدەن کە هێشتا نەچووبنە لایان ، یاخود
مارەیتان بۆ دیاری نەکرد بوون، پێویستە لەسەرتان هەندێک سامانیان بدەنێ ، جا
ئەوەی دەوڵەمەندو زۆری هەیە و ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکەس) بەپێی
توانای خۆی ، ئەم دیاری و یارمەتییانە بەشێوەیەک بێت کە باوو پەسەندی شەرع
بێت، ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران .

237.وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إَلاَّ
أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ
بَيْنَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ : خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان ،
لە هەمان کاتیشدا مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، ئەوە دەبێت نیوەی مارەییە دیاری
کراوەکەیان بدەنێ، مەگەر خۆیان نەیانەوێت و چاوپۆشی لێبکەن ، یان ئەو کەسە
چاوپۆشی بکات کە مارە بڕینەکەی بەدەستە، چاوپۆشی و لێبوردنتان لە مافی خۆتان
لە پارێزکاریەوە نزیکترەو چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خوا

بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

238.حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ : کەمتەرخەمی مەکەن و پارێزگاری لە ئەنجامدانی نوێژەکاندا بکەن بەتایبەتی نوێژی ناوەند (کە نوێژی عەسرە) هەمیشەو بەردەوامیش هەستن بە ئەنجامدانی فەرمانەکان بۆ خوا بە گەردن کەچیەوە .

239.فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ : ئینجا ئەگەر ترسان (کە نوێژەکانتان وەکو پێویست ئەنجام نەدەن بەهۆی جەنگ یان مەترسیەکەوە) دەتوانن بەدەم ڕۆیشتنەوە یان بە سواریی ئەنجامی بدەن، هەرکاتێک ئەمین بوونەوە و هەستتان بە هێمنی کرد، ئینجا یادی خوا بکەن و (نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن) بەو شێوەیەی کە فێری کردوون پێشتر نەتاندەزانی .

240.وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ : ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و هاوسەران بەجێ دەهێڵن، (دەبێت بەفەرمانی خوا) وەسیەت بکەن بۆ هاوسەرانیان کە تا ساڵێک لەماڵی هاوسەرانیاندا ڕێزیان لێبگیرێت و بەخێو بکرێن و دەرنەکرێن، خۆ ئەگەر بەویستی خۆیان دەرچوون ئەوە ئیتر هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ئەی کەس و کاری ژن کە ڕێ بدەن ئەو ئافرەتانە بچنەوە دۆخی جارانیان لەوەی کە شەرع حەڵاڵی کردووە بۆیان پێش عیددە، دڵنیاش بن کە خوا باڵادەستە (ئەگەر ستەمیان لێبکەن) و دانایە (لە ڕێنموویی و دانانی سنوورەکانیدا) .

241.وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ : بۆ ژنانی تەڵاقدراو بڕێک سامان و پارە پێویستە لەسەر پیاوانی لە خواترس و پارێزکار .

242.كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ : ئا بەو شێوەیە خوا فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە (دەربارەی مافی ژنان) بۆ ئەوەی ژیربن و بیرو هۆشتان بخەنەکار .

243.أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللّهُ مُوتُواْ

ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ :ئايا نەتبیستووە و نەتڕوانیوەتە ئەوانەی لە ترسی مردن لە ماڵ و شوێنەواریان دەرچوون، لەکاتێکدا کە هەزارەها کەسیش بوون، (ترسان لە بەرەنگار بوونەوەی دوژمن)، خوایش فەرمووی پێیان : بمرن ! (دوای ئەوەی مردن) پاشان زیندووی کردنەوە (تا بزانن راکردن و خۆشاردنەوە لە جیهادو بەرەنگار بوونەوەی دوژمن مانای رزگار بوون لە مردن نیە) ، بەڕاستی خوا خاوەنی چاکەو بەخشین و فەزڵی زۆرە بەسەر خەڵکییەوە (چاوپۆشی لە کەم تەرخەمییان دەکات و مۆڵەتیان دەدات) ، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی سوپاسی خوا ناکەن و سپڵەن .

244.وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : (کەواتە ئیتر مەترسن و) لە ڕێگەی خودادا بجەنگن ، چاک بزانن و دڵنیابن بەڕاستی خوا بیسەرو زانایە (بە هەموو گفتوگۆو هەوڵ و کۆشش و چالاکی و جیهادو خەباتتان) .

245.مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ : کێیە ئەو کەسە قەرز دەدات بەخوای پەروەردگار بە قەرزێکی چاک (بەخشراوەکە لە ماڵی حەلاڵ و بێ منەت و نازدار بێت) ، خوایش بەو هۆیەوە بۆی چەند بەرامبەر دەکات و بێ سنووری پێ دەبەخشێت، (بەڕاستی خوایەکی بەڕێزو دڵۆڤانمان هەیە، جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجە ئەو شێوازەی کە هانی ئیماندارانی پێ دەدات، بۆ بەخشین بە یەکترو بەخشین بۆ رزگاریی گرۆی ئادەمیزاد) ، خوایش رزق و رۆزیی و دەرامەت دەگرێتەوە و فراوانی دەکات (بە حیکمەت و ویستی خۆی) هەر بۆ لای ئەو زاتەش دەگەڕێنەوە .

246.أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُواْ قَالُواْ وَمَا لَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَآئِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ : ئایا نەتبیستووە و نەتڕوانیوەتە بەسەرهاتی دەستەیەک لە گەورە پیاوانی نەوەی ئیسرائیل لە دوای موسا لەکاتێکدا بە پێغەمبەرەکەی خۆیانیان وت: پاشایەک، سەرکردەیەکمان بۆ دیاری بکە و بینێرە تا لە پێناوی خوادا بجەنگین ، پێغەمبەرەکە وتی : باشە ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر بڕیاردراو خەریک بوو یەخەتان بگرێت و پەشیمان بوونەوە و نەجەنگان؟ (لە وەڵامدا) وتیان : چیمانە کە لە پێناوی خوادا نەجەنگین، لە کاتێکیشدا ئەوەتە دەربەدەر کراوین و لە ماڵ و منداڵ و

وولاَّتمان بووين ، کەچی کاتێک جەنگیان لەسەر بڕیاردرا ، تەنها کەمێک نەبێت ئەوانی تر هەموویان پشتیان هەڵکردو پەشیمانبوونەوە ، خوایش زاناو بەئاگایە بە ستەمکاران .

247.وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوَاْ أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ : ئينجا پێغەمبەرەکەیان (بەوانەی کە ئامادەی جەنگ بوون) وتی : ئەوە ئیتر خوا بە راستی بڕیاری داوەو گالوت* رەوانە کردووە کە پاشا و سەرکردەتان بێت ، کەچی (هەندێکیان) وتیان : چۆن ئەو ببێتە سەرکردە بەسەرمانەوە، ئێمە شایستەترین بە سەرکردەیی لەو، ئەو ماڵ و سامانێکی زۆری نیە! (جولەکە هەمیشە ماڵ و سامان دەکەنە پێوەر لە هەموو شتێکدا) ، (پێغەمبەرەکە لە وەڵامیاندا) وتی : بەڕاستی خوا (گالوت) ی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بەسەرتانداو زانست و زانیاری زۆرو لاشەیەکی بەهێزو گەورەشی داوەتێ ، خوای گەورەش پاشایەتی دەبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) و خوا فراوانگیرو زانایە .

248.وَقَالَ لَهُمْ نِبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلآئِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ :
ئەوسا پێغەمبەرەکەیان پێی وتن : بەراستی نیشانەی پاشایەتی گالوت ئەویە : سندووقەکەتان بۆ دێتەوەو، ئاسوودەیی و ئارامی تێدایە لە لایەن پەروەردگارتانەوەیە ، هەروەها هەندێک پاشماوەی بەنرخ و کەلەپوری تێدایە لەوەی کە بنەماڵەی موساو بنەماڵەی هاروون بەجێیان هێشتووەو لەکاتێکدا کە فریشتە هەڵیدەگرن و دەیهێننەوە بۆتان، بەڕاستی هەر لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆتان ئەگەر باوەڕدارن .

249.فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ : ئينجا لەکاتێکدا گالوت سەربازانی جیاکردەوەو پێی وتن (وا ئێمە دەڕۆین) ، بێگومان خوا (لە ڕێ گوزەرماندا) تاقیتان دەکاتەوە بە ڕووبارێک (دوای ماندوو بوون و تینوویەتی) ، جا

ئەوەی لێی بخواتەوە (ئەوە سەربازی) من نیە و (بگەڕێتەوە) و ئەوەی نەیچێژێت یان تەنها لوێچێک بەدەستی خۆی بخواتەوە ئەوە بەراستی سەربازی منە و (دەپەڕێتەوەو دەڕۆین، جا لەگەڵ ئەو روون کردنەوەیەشدا) زۆربەیان (لە ئاوی روبارەکەیان) خواردەوە ، کەمێکیان نەبێت، جا کاتێک لێی پەڕینەوە خۆی و ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو لەگەڵیدا (هەندێکیان) وتیان: ئەمڕۆ (زەحمەتە بەم ژمارە کەمەوە) دەرەقەتی جالوت و سەربازانی بێین ، (بەڵام) ئەوانەی دڵنیا بوون بە خزمەتی پەروەردگاریان دەگەن وتیان : (مەترسن) چونکە چەندەها جار دەستەی کەم ، زاڵ بوون بەسەر دەستەی زۆردا بەفەرمانی خواو خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە

250.وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ : کاتێک لەبەرامبەر جالوت و سەربازانیەوە وەستان (نزایان کردو) وتیان : پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە ، (دڵ و دەروون و پێکانمان دامەزراو بکەو و سەرمان بخە بەسەر قەوم و هۆزی بێ باوەڕاندا .

251.فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَـكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ :ئەوسا ئیتر بە فەرمانی خوا لەشکری جالوتیان بەزاند و داود (کە یەکێک بوو لە سەربازانی گالوت) جالوتی کوشت، لەوەودوا خوای گەورە پاشایەتی و دانایی پێبەخشی و هەرچی ویستی بوو فێری کرد ، خۆ ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکی بە هەندێکی تر لەناو نەبات، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادەمیزاد (بەشێوەیەکی گشتی) .

252.تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ :ئا ئەوانە کە باسکران ئایات و بەڵگەو موعجیزەی خوای گەورەن بەراستی و دروستی بەسەر تۆدا دەخوێنینەوە و بەراستی تۆ (ئەی محمد) یەکێکیت لە پێغەمبەرانی خاوەن پەیام .

253.تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاء اللّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَـكِنِ اخْتَلَفُواْ فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ

شَاء اللّهُ مَا اقْتَتَلُواْ وَلَـكِنَّ اللّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ :ئەو پێغەمبەرانەی (باسکران) ڕێزی هەندێکیمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا ، هەیانە خوا گفتو گۆی (یەکسەری) لەگەڵدا کردووە (وەک موسا) و پلەوپایەی هەندێکیانی بەرز کردۆتەوە بە چەندەها پلە (وە محمد) و چەندەها بەڵگەی ڕوون و ئاشکرامان بەخشیووە بە عیسای کوڕی مەریەم، (وەک زیندوو کردنەوەی مردوو ، چاکردنەوەی نەخۆشی زگماک ،... هتد بەویستی خوا) و پشتگیریشمان کردووە بە فریشتەی سرووش کە (جوبرەئیل)ە ، خۆ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە (ئەو خەڵکە هەمووی باوەڕدار دەبوون) ، دوای هاتنی پێغەمبەرەکانیان جەنگیان دژبەیەک نەدەکرد ، پاش ئەوەی چەندەها بەڵگەی ئاشکرایان (لەسەر دەستی پێغەمبەران) بۆ هاتبوو ، بەڵام دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە ، هەندێکیان ئیمان و باوەڕی هێناو ، هەندێکیشیان بێ باوەڕ بوو ، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە جەنگیان دژ بەیەک نەدەکردو یەکتریان نەدەکوشت، بەڵام خوا هەرچیەکی بوێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات هەر ئەوە پێش دەهێنێت .

254.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ وَلاَ شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەو ماڵ و سامان و دارایی و (عیلم و زانست و تواناییە) ی کە پێمان بەخشیوون؛ ببەخشن ، پێش ئەوەی ڕۆژێک بێت کە کڕین و فرۆشتن و دۆستایەتی و تکاکاری تیادانیە ، (ئەو ڕۆژە) بێ باوەڕان هەر خۆیان لە ڕیزی ستەمکاراندان .

255.اللّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ :خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی تر نیە کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی) ، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە) ، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە ، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو ، بەبێ مۆڵەتی خۆی ، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو ، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا) ، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە

هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بلّند و گەورەیە .

256.لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ :بە هیچ جۆرێک زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا (دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا) ، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاک و دروست؛ روون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لەگومڕایی و سەرکەشی ، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە ـ تاغوت ـ (کە بریتیە لە: هەموو ڕێگەو ڕێبازو هێزو بەرنامەو لادان و بتێک)و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، جا بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری رزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەلّوەشاندنەوەیەکی بۆ نی یە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە ، خوای گەورەش بیسەرو زانایە .

257.اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ :خوا پشت و پەنا و خاوەنی ئەو کەسانەیە باوەڕیان هێناوە ، لە تاریکاییەکانی (گومان و ستەم) دەریان دەهێنێت و دەیانبات بەرەو نوورو رووناکی ، ئەوانەش کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر ، یارمەتی دەرەکانیان تەنها ـ گاغوتەکانە ـ ، لە نوورو رووناکی دەریان دەهێنن و بەرەو تاریکاییەکان دەیانبەن ، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە .

258.أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَآجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رِبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِـي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِـي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ :ئایا نەتبیستووە و نەتڕوانیوەتە ئەو کەسەی دەمەقالّەی دەکرد لەگەلّ ئیبراهیمدا لە بارەی پەروەردگاریەوە لەبەر ئەوەی خوا پاشایەتی پێبەخشی بوو، (لە جیاتی باوەڕهێنان و سوپاسگوزاری کەچی دەمە دەمێی دەکرد لەگەلّ ئیبراهیمدا) ، (ئەم لووت بەرزیەشی کاتێک بوو بە هەواو فیزەوە پرسیوویەتی لە ئیبراهیم کە پەروەردگاری تۆ کێیە؟ ئەویش لە وەلامدا وتی : پەروەرگاری من ئەوزاتەیە کە ژیان دەبەخشێت و مردنیشی بەدەستە ، (نەمروود لە وەلامیدا) وتی : جا منیش ژیان

دەبەخشم و مردنیشم بەدەستە ، (ئینجا فەرمانیدا هەندێک لە نەیارانی بکوژن گوایە ئەوە دەیانمرێنێت ، هەندێکیشی نەکوشت گوایە ئەوە ژیانی پێبەخشین !!) ، ئەوسا ئیبراهیم وتی : بەراستی خوا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنێت جا (ئەگەر تۆ دەتوانیت) لە ڕۆژئاواوە بیهێنە ، ئینجا ئەو بێ باوەڕە ڕەنگی پەڕی و دەمکوت کراو وەڵامی نەما ، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی زاڵم و ستەمکار نادات .

259.أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَـَذِهِ اللّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى العِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ :یاخود وەک ئەو کەسەی تێپەڕی بەلای شارۆچکەیەکدا کە هەموو خانووەکانی بەسەر سەقفەکانیدا تەپی بوون ، لەبەر خۆیەوە وتی : ئاخۆ خوای گەورە چۆن خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دوای مردنیان زیندوو دەکاتەوە؟! (ئەو کەسە عوزەیر پێغەمبەر بوو) یەکسەر خوای گەورە سەد ساڵ مراندی و پاشان زیندووی کردەوە و پێی فەرموو : چەند مایتەوە؟ (عوزەیر) وتی : ڕۆژێک یان کەمتر لە ڕۆژێک ماومەتەوە ، (خوا) فەرمووی : نەخێر ئەوە سەد ساڵت پێچووە ، جا تەماشای خواردن و خواردنەوەکەت بکە (لەو ماوە درێژەدا) نەگۆڕاوە و تێک نەچووە ، تەماشای گوێدرێژەکەشت بکە ، (بۆیە ئەمەمانکرد) تا بەم بەسەرهاتە بتکەینە موعجیزە بۆ خەڵکی ، جا سەیری ئێسکەکانی (گوێدرێژەکەت بکە) چۆن بەرزیان دەکەینەوە و بەیەکەوەیان دەبەستین و پاشان بەگۆشت دایاندەپۆشین ، کاتێک بینی و بۆی دەرکەوت وتی : چاک دەزانم و دڵنیام بەراستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

260.وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِـي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَـكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ :بە یاد بهێنە ، کاتێک ئیبراهیم وتی : پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی : ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم وتی : بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەزەکەم (بەچاوی خۆم ببینم) تا دڵم ئارام بگرێت، خوا فەرمووی : جا کەواتە چوار باڵندە بهێنەو جوان سەرنجیان بدەو دوایی هەر چواریان سەربڕەو گۆشت و پەڕ و

خوێنیان تێکەڵ بکە ، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێک هەندێک لەو تێکەڵەیە دابنێ ، پاشان بانگیان بکە ، بەگورجی و بەپەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات و چاک بزانە و دڵنیابە بەراستی خوا بالادەست و کار بەجێ یە .

261.مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ :نمونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن لەپێناوی خوادا ، وەکو تۆوێک وایە کە بڕوێت و حەوت گوڵی گرتبێت ، لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تیادا بێت ، خوایش بۆ هەر کەس کە بیەوێت (بە گوێرەی نیەتی و جێگرتنی خێرەکەی) پاداشت چەند بەرامبەر دەکات و خوا فراوانگیر و زانایە .

262.الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُواُ مَنًّا وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ :ئەوانەی ماڵ و دارایيان دەبەخشن لە ڕێگەی خوادا ، بەدوای ئەوەی بەخشیوویانە هیچ جۆرە منەتێک نانێن و هیچ جۆرە ئازارێک ناگەیەنن ، (ئەوانە) تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە ، هیچ ترس و بیمیان لەسەرنیە (لە کەم و کووڕیی پاداشت و تەنگانەی قیامەت) ، غەم و پەژارەش روویان تێ ناکات .

263.قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى وَاللّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ :قسەو گوفتاری جوان و چاوپۆشیەک (لە هەڵە) ، چاکترە لە بەخشینێک کە ئازاری بەدوادا بێت و منەت بکرێت ، خوایش دەوڵەمەندو بێ نیازە (لەبەخشینی بەمنەت) و خۆڕاگرو لەسەر خۆیە (زوو تۆڵە ناسێنێت لە سەر کەش و یاخییەکان) .

264.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەت نان و دڵ ئازاردانی (هەژاران) ، وەکو ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵکی ببەخشێت بۆ ڕیاکاریی و خۆنواندن و ئیمان و باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی نەبێت، جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەک بەردێکی ساف وایە کە خۆڵێکی بە سەرەوە بێت ، لەوەودوا بارانێکی لێزمە بباریت بەسەریداو هیچی بەسەرەوە

نەهێڵێت و بەرەق و تەقی بەجێی بهێڵێت و حەقیقەتی دەربکەوێت ، (ئینجا ئەو جۆرە ریابازو بێ باوەڕ منەتنەرانە) هیچ جۆرە بەهرەیەک لەو بەخشینەیان بەدەست ناهێنن ، بێگومان خوای گەورە ڕێنموویی قەومی بێ باوەڕو کافران ناکات .

265.وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ :نموونەی ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا و بۆ دامەزراندن و ڕاهێنانی خۆیان لەسەر چاکەکاری ، وەکو باخچەیەک وایە : لە بەرزاییەکدا بێت و بارانێکی دڵۆپ گەورە بیگرێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە دوو بەرامبەر بەرهەمی هەبێت، خۆ ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەش نەیگرێتەوە ، ئەوە نمە باران پاراوی دەکات ، خوای گەورەش بینایە بەو کارو کردەوانەی دەیکەن.

266.أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاء فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ :ئایا هیچ کەس لە ئێوە حەز دەکات باخێکی هەبێت لە دارخورماو چەندەها جۆر ڕەزە ترێ پێک هاتبێت و چەند جۆگەو ڕووبارێک بەژێر درەختەکانیدا بڕوات و هەموو جۆرە بەروبوومێکی تێدا بێت بۆ خاوەنەکەی و خۆی دووچاری پیری بووبێت و چەند نەوەو منداڵێکی لاوازی هەبێت ، کەچی لەناکاو گەردەلولێک گڕوگەرمیەکی بەهێزی تێدابێت و هەڵکاتەسەری و یەکسەربسوتێت؟! (ئەمە زۆر جێی داخ و نیگەرانیە چونکە نەخۆی لەبەر پیری ، نەمنداڵی ، لەبەر بێ هێزی ، ناتوانن باخەکە ئاوەدان بکەنەوە) ، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەت و بەڵگەو نیشانەکان دەخاتە بەرچاوتان بۆ ئەوەی تێفکرن و بیرکەنەوە (خۆتان مایەپووچ و ڕەنج بەخەسار نەکەن).

267.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە : ببەخشن لە باشترین بەروبووم و بەرهەمێک کە بەدەستتان هێناوە و لەو بەروبوومانەی کە لە زەویدا بۆمان دەرهێناون و ڕواندومانە ، نەکەن نیازی بەخشینی شتی ناپوخت و بێ کەڵک بکەن و لەو

ببەخشن ، لەکاتێکدا خۆتان ئەو جۆرە شتانە وەرناگرن وە پێی رازی نابن (ئەگەر بتاندرێتێ) مەگەر چاوی لێ بنوقێنن و بزانن کە خوا دەوڵەمەندو بێ نیازە و شایستەی سوپاسە (پێویستی بەبەخشینی بێ نرخ نیە).

268.الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء وَاللّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلاً وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ::(کاتێ ئێوە لە ماڵ و دارایيتان دەبەخشن) شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات (دەتانترسێنێت بە هەژاری) و فەرمانتان پێ دەدات بەگوناهو تاوان و خراپە و نەبەخشین ، خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێدەدات لەگەڵ زۆری رۆزی و بەهرەی فراوانداو خوا فراوانگیرو زانایە.

269.يُؤتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاء وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ : :ئەوزاتە بەهەر کەس بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشێت ، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە، جا بێجگە لە ژیر و هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیە تێناگەن و پەند وەرناگرن.

270.وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ : هەر شتێکتان بەخشی بێت یان هەر نەزرو بڕیارێکتان دابێت، ئەوە خوا پێی دەزانێت و بۆ ستەمکاران هیچ جۆرە پشتیوانیەک نیە (کە بیانپارێزێ لە تۆڵەی خوا).

271.إِن تُبْدُواْ الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاء فَهُوَ خَيْرٌ لُّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ :ئەگەر خێرو چاکەو بەخشینەکانتان بە ئاشکرا ئەنجام بدەن ئەوە شتێکی چاکە ، خۆ ئەگەر بیشارنەوە بیدەن بە هەژاران بە نهێنی ئەوە چاکترە بۆتان ، جا (بەو بەخشینە) خوا هەندێک لە گوناهەکانتان دەسڕێتەوە و خوا ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

272.لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ :ئەی پێغەمبەر هیدایەت و ڕێنموویی و موسوڵمان کردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نیە (چونکە تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە) بەڵام خوا هیدایەت و ڕێنموویی هەر کەسێکی بوێت دەکات ، (بە مەرجێک ئەو کەسەش رووی دڵی بکاتە ئیمان) هەر

خێرێکیش ئەنجام بدەن ، ئەوە قازانجەکەی بۆ خۆتانە ، ئێوە (ئەی بڕواداران) هیچ شتێک نابەخشن مەگەر بۆ ڕەزامەندی خوا نەبێت و هەر خێرو چاکەیەکیش ئەنجام بدەن پاداشتەکەیتان دەستتان دەکەوێتەوە ، ئەوسا ئێوە بەهیچ شێوەیەک ستەمتان لێناکرێت.

273.لِلْفُقَرَاء الَّذِينَ أُحصِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاء مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ : (ئەو جۆرە بەخشینانە پێشکەش بکەن) بەو هەژارانەی لە پێناوی خوادا لێبڕاون و ناتوانن بگەڕێن بە زەویدا و بازرگانی و کاسبی بکەن (بەهۆی خەریک بوونیان بەگەیاندنی پەیامی خوا) ، ئەوەی نەیانناسێت ، (ئەو هەژارانە ئەوەندە کەسایەتی خۆیان رادەگرن و نەفس بەرزن) ، وادەزانێت دەوڵەمەندن ، تۆ ئەی پێغەمبەر (یا ئەی ئیماندار) بە ڕەنگ و ڕوخسارو سیمایاندا دیانناسیت ، داواناکەن لەخەڵکی بەزۆر شتی لێبسەنن و رووگیریان بکەن ، هەر خێرێک ئەنجام بدەن ئەوە بێگومان خوا زانایە پێی.

274.الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ :ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن ، بەشەو و بەڕۆژ ، بە نهێنی و بە ئاشکرا ، ئا ئەوانە هەر پاداشتیان لای پەروەردگاریانە ، ترس و بیمیان لەسەر نییە و ئەوان خەفەتبار نابن (لە رۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا).

275.الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىَ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : ئەوانەی سوو دەخۆن ، هەڵسوکەوت ناکەن و راست نابەنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین ، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن : کڕین و فرۆشتن وەک سوو وایە (لە حاڵێکدا) : خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوەو سووی حەرام کردووە ، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێگەیشت و وازی هێنا ، ئەوەی دەستی کەوتووە ، بۆ خۆی ، کاری (لێ پرسینەوەشی) دەکەوێتە لای خوا ، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بەسوو خۆری ، ئا ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیادا

دەبەنەسەر.

276.يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ :خوا ، سوو ، تەفروتونا دەکات و بەرەکەتی لێ هەڵدەگرێت ، بەڵام پاداشتی خێر و سامان بەخشین برەو دەدات و بەرەکەتی تێ دەخات بێگومان خوا هیچ کافرێکی تاوانباری خۆشناوێت.

277.إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ :بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و نوێژەکانیان بەچاکی بەجێهێناوە و زەکاتیشیان داوە ، تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە ، ئەوسا نە ترس و بیمیان لەسەرە ، نەغەم و پەژارە دەیان گرێتەوە.

278.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، پارێزکارو خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن.

279.فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ :خۆ ئەگەر وانەکەن ، ئەوە جەنگ لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا رابگەیەنن (کە سەرئەنجامەکەی زۆر سامناکە) ، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و (لە سوو خۆری واز بهێنن) ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەری بگرنەوە ، نە ستەم دەکەن (لە قەرزارەکان) ، نە ستەمتان لێ دەکرێت.

280.وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ : خۆ ئەگەر قەرزارەکە نەدار بوو، ئەوە مۆڵەتی بدرێ تا دەرووی لێ دەکرێتەوە و دەیبێت، خێر کردنتان بە قەرزارەکە و ئازاد کردنی و بەخشینی ، چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن (چەندە پاداشتی خوایی بێ سنوورە).

281.وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ :(خەڵکینە) لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێک بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە ، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمیان لێ

ناكرێت.

282.يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلاَ يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى وَلاَ يَأْبَ الشُّهَدَاء إِذَا مَا دُعُواْ وَلاَ تَسْأَمُوْاْ أَن تَكْتُبُوْهُ صَغِيرًا أَو كَبِيرًا إِلَى أَجَلِهِ ذَلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللّهِ وَأَقْومُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَى أَلاَّ تَرْتَابُواْ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلاَّ تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوْاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلاَ يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلاَ شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُواْ فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان کرد لە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو ، ئەوە بینوسن و با نوسەرێک کە دادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لە نێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێک سەرپێچی نەکات لە نوسین ، هەر وەک چۆن خوا فێری کردووە با بنووسێت، (خۆ ئەگەر کەسێک خوێندەوار نەبێت) ئەوەی کە حەقەکەی بەسەرەوەیە و قەرزەکەی لایە با بەدەمی خۆی (ئەندازەی قەرزەکەی) بە کاتبەکە بڵێت و لە خوای پەروەردگاری بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەکات و لێی کەم ەکاتەوە ، خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی لەسەرە هەڵەشە بوو ، یا لاواز بوو (منداڵ یان بەساڵاچوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بە حەقەکەدا بنێت (کەڕوڵاڵ بوو) با بەخێوکەر ، یا سەرپەرشتیارەکەی دادگەرانە حەقیقەت و ڕاستی قەرزەکەی بڵێت و با دوو پیاو لە خۆتان شایەتی لەسەر (قەرزو مامەڵە) بگرن ، ئەگەر دووپیاو دەستنەکەوتن بۆ شایەتی ، با پیاوێک و دوو ئافرەت شایەتییەکە بدەن لەو کەسانەی کە ڕازین بە شایەتیدانیان ، نەوەکو یەکێک لە (ئافرەتەکان) بیری بچێت ، با ئەوی تریان بیری بهێنێتەوە و شایەتەکان نابێت کە کاتێک داواکران خۆ وێڵ بکەن و ئامادە نەبن ، بێزار مەبن لەوەی کە (قەرز) بنووسن ، کەم بێت یان زۆر تا ماوەی دیاری کراوی ، بە ڕوونی با یاداشت بکرێت، ئەنجامدانی مەسەلەی قەرزتان بەو شێوە دادپەروەرانەیە و پەسەندترە لای خوا (لە نەنووسین) ، ئەوسا چاکتر دەتوانن شایەتی ڕاگرن و نزیکترن لەوەی گومان و دوودڵی بە یەکتر نەبەن (مافی کەس تیا نەچێت)، مەگەر بازرگانیەک بێت لەبەر دەستانداو لە نێو خۆتانداو لە نێو خۆتانداو

بیگێڕن و کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن ، ئەوە گوناهتان ناگات کە ناینووسن ، (چونکە ئاسان نیەو مامەڵە دوادەخات، هاتا بۆتان دەکرێت) شایەت بگرن کاتێک کڕین و فرۆشتنتان ئەنجامدا و نابێت نووسەرو شایەت ئازار بدرێن و بێزار بکرێن، خۆ ئەگەر شتی وابکەن ئەوە بەڕاستی مانای وایە ئێوە لە چەندەها فەرمانبەرداری دەرچوون ، جا لە خوا بترسن و خۆ پارێزبن و خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات (کە خێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لە دوایە) و خوا بە هەموو شتێک زانایە.

283.وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ : خۆ ئەگەر لە سەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەست نەکەوت ، ئەوە بارمتەکان وەردەگیرێن (لەباتی قەباڵە و سەنەدەکە) ، خۆ ئەگەر لە یەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بە ئەمین وەدەستپاک دادەنرێت ئەمانەتەکەی (قەرزەکە) بداتەوە و با لەخوای پەروەردگاری بترسێت، نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە بەڕاستی دڵی ژەنگاوی و ناپوخت گوناهبارە، خوایش بە هەموو ئەو کردەوانەی کە دەیکەن .

284.لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاواتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە و ئەگەر ئەوەی لە دڵ و دەروونتاندا جێگیر بووە، دەری بخەن ، یان بیشارنەوە خوا دەربارەی لێتان دەپرسێتەوە ، ئەوسا لە هەر کەس بیەوێت خۆش دەبێت و هەرکەس بیەوێت سزای دەدات و خوایش بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە (ئەوەی چرپەی دەروونیە دێت و دەڕوات و جێگیر نابێت لێپرسینەوەی لەسەر نیە).

285.آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ : پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لەباوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای

تۆیە گەڕانەوە.

286.ا يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ : خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆیی نەبێت، هەر کارێکی چاک ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەر خۆیەتی (هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لەدەست قەوما ، پەروەردگارا ؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا ، پەروەردگارا ؛ ئەرکێک مەدە بەسەرمندا لە تواناماندا نەبێت ، تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت، گوناهەکانمان بسڕەوە و چاوپۆشی بکە لە هەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا ، ڕەحممان پێ بکە ، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدەدەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەکەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی کافرو خوانەناساندا ، (ئا بەو شێوەیە پەروەردگاری مەزن فێری نزای ڕێک و پێکمان دەکات، ئومێدە لێشمان وەربگرێت...) کاتێک ئایەتی (284) دابەزیووە هاوەڵانی پێغەمبەر سەغڵەت بوون و چوون بۆ خزمەتی.. ئەویش فەرموویەتی: بڵێن گوێڕایەڵ و ملکەچین.. ئینجا خوای گەورە ئایەتی (285 ، 286) ی دابەزاند بۆ دڵدانەوەیان).